خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیارانی پرۆژەی چاپکردنی کتێب
د. لوقمان ڕەئوف ئەرسەلان حەسەن
باوان عومەر بابان ئەنوەر

# هەواڵگری و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

سێر دەیڤد ئۆماند
جیمی بارتلێت
کارل میلەر

وەرگێڕانی: ئاران عەلی
2017

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 208)

ناوی کتێب: هەواڵگری و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان
بابەت: سیاسی
ناوی نووسەر: سێر دەیڤد ئۆماند- جیمی بارتلێت- کارل میلەر
وەرگێڕانی: ئاران عەلی
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
تایپ و هەڵەچن: زریان رەحیم- کەیوان عمر- نیاز کمال
چاپخانە: حەمدی
ساڵی چاپ: 2017
چاپ: یەکەم
تیراژ: 500 دانە
نرخ: 2000 دینار
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
ideafoun@gmail.com
www.facebook.com/dezgai.idea
07701955044 - 0533220180
سلێمانی - گردی سەرچنار- نزیک کۆمەڵگەی بەهاران

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن ( 1628 )ی ساڵی 2017ی پێدراوە

# هەواڵگری و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

سێر دەیڤد ئۆماند
جیمی بارتلێت
کارل میلەر

وەرگێڕانی: ئاران عەلی
2017

**سەرچاوەی ئەم وەرگێڕانە:**

استخبارات وسائل التواصل الاجتماعي، السير ديفيد أوماند، وجيمي بارتليت، وكارل ميلر، مركز الإمارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، الطبعة الاولى، ٢٠١٤.

# پێڕست


پوختە.......................................................................... 7

پێشەکی........................................................................ 9

سەردەمی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان.............................................. 15

هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان: سوود و هەڵەکان.............................. 19

کێشمەکێشەکانی بەردەم هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان.................. 29

چەند تێبینییەکی کۆتایی..................................................... 84

دەربارەی نووسەرانی ئەم کتێبە.............................................. 87

پەراوێزەکان.................................................................. 89

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە تازەترین لقی بواری هەواڵگری دەخاتەڕوو؛ دوای سەرهەڵدانی هەواڵگریی وێنەیی (IMINT)، و هەواڵگریی مرۆیی (HUMINT)، و هەواڵگریی هێمایی (SIGINT) و چەندین لق و کایەی هەواڵگریی دیکە، لەئێستادا نۆرەی هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانە، کە کورتکراوەکەی دەبێتە (SOCMINT). لەسەردەمێکدا تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان

خەریکە لە گشت شوێنێکدا بڵاودەبنەوە، لێپرسراوێتییەکی دیکە دەکەوێتە سەر کۆمەڵگەی ئەمنی، کە پشت بە هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ببەستن، وەک سیستمێک لەناو کۆسیستەمی هەواڵگریی نیشتیمانیدا. بەڵام تەنیا دوای دوو هەڵسەنگاندنی گرنگ دەکرێت بەم کارە هەستن، یەکەم: ئەم لقە هەواڵگرییە لەسەر بنەمایەکی مەنهەجی هەستێت بە پرۆسەکانی (کۆکردنەوەی زانیاری، سەلماندن، لێکۆڵینەوە، تێگەیشتن و جێبەجێکردن). دووەم: بە شێوەیەکی ڕێگەپێدراو هەستێت بە چارەسەرکردنی ئەو مەترسییە ئەخلاقییەی، کە دەکەوێتە ناو چالاکییە سیخوڕییەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە. ئەم توێژینەوەیە چوارچێوەیەکی کارکردن بۆ وردبوونەوە لەو بابەتە دادەڕێژێت.

## پێشەکی

لە ڕۆژی پێنجشەمە (٤ی ئۆگەستی ٢٠١١)، پۆلیسی بەریتانیا لە ناوچەی «تۆتنهام» تەقە لە (مارک دۆگان) دەکات، دواتر بەکوژراوی دەچێتە سەر لاشەکەی، لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٦ی هەمان مانگدا، هێرش و دوژمنایەتییەکی زۆر لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا دەرکەوت ،هەر ئەم هێرشانەش هەڕەشەی ڕوون و ئاشکرایان بۆ پۆلیس تێدابوو. لە سەرەتای ڕۆژی

دواتـردا، واته ٧ی هەمان مانگ، ئەو زانیارییانەی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە هاتنەدەرەوە ئاماژەیان بەوەدا کە ئەگەری ئەوە لەئارادایە فەوزا و ئاژاوە لە بەشەکانی دیکەی شاری لەندەن و تەواوی ئینگلتەرادا تەشەنەبکات. لە چەند ڕۆژێکی کەمی دواتـردا ئەو بابەتانە تەشەنەیان کرد، کە بە ڕێژەیەکی بەرچاو ئاماژە بە نیاز و ئەنجامدانی کردەی تاوانکاری دەکەن، هەم لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییە سەرچاوە کراوەکاندا (وەک تویتەر)، هەم لەناو تۆڕە داخراوەکاندا (وەک خزمەتگوزارییەکانی نامەی خێرای ئامێری بلاکبێری)، هەم لەناو گرووپ چاتەکانی تۆڕەکانی ئینتەرنێتدا. بە هەمان شێوە ژمارەیەکی بەرچاو نامە دەهاتن، کە هەوڵی پێدانی زانیارییان دەدا بە پۆلیس، هەم سەبارەت بە هەڵگیرسانی ئاژاوە، هەم سەبارەت بە ناسنامەی ئەو کەسانەی لەپشتیەوە دەوەستن[١].

لەو سەروبەندەدا لێپرسراوانی پۆلیس دانیان بەوەدا نا، کە وەک پێویست ئامادەنین بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگریی لە ڕێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە. یەکێک لە پسپۆڕانی بواری هەواڵگری ڕایگەیاند، کە بابەتەکە هاوشێوەیە بە «گەڕان لەناو کتێبخانەی بەریتانیدا بەدوای لاپەڕەیەک کتێبدا بەبێ بوونی هیچ پێڕست و ڕێنیشاندەرێک»[٢]. تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ

ئەو سیستمەدا ناگونجێت، کە پۆلیسی بەریتانیا لە کۆکردنەوەی زانیاری و لێکۆڵینەوە لە زانیارییەکان و دەستنیشانکردنی ئەولەویەت و بڵاوکردنەوەیاندا بەکاریدەهێنێت، بۆیە ناتوانرێت بە شێوەیەکی دروست سوودی لێ وەربگیرێت. یەکێک لە گەورە پشکنەرەکانی پۆلیسی شاهانە ئاماژەی بەوەدا کە «سەرەڕای بوونی هەندێک ئاوارتەی لێرەولەوێ، بەڵام ناتوانرێت هێزی ئەم ئامرازانە (هەم سەبارەت بە ناردنی زانیاری، هەم سەبارەت بە وەرگرتنی زانیاری) و بەڕێوەبردنیان بە شێوەیەکی باش درکبکرێت»[٣]. هەر لە درێژەی قسەکانیدا ئەوەشی گوت، کە «چەندین شتی گرنگ هەن، کە پێویستە پۆلیس فێریان ببێت سەبارە بە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و ئامرازە مۆدێرنەکانی پەیوەندیگرتن (کۆمۆنیکەیشن)، کە لە سەردەمی ئەمڕۆدا بە شێوەیەکی خێرا گەشەیان سەندووە»[٤].

لەو کاتەوە حوکومەتی بەریتانیا کەوتەخۆی بە ئاراستەی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بوارە نوێیەدا؛ ئەوەبوو پۆلیسی پایتەخت سەنتەرێکی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی کردەوە، تایبەت بە یارییەکانی ئۆڵۆمپیادی لەندەن. پێدەچێت ژمارەیەک دەزگای پۆلیس لە بەریتانیا و شوێنەکانی دیکە چەندین جۆری جیاوازی پرۆگرامە ئەلکترۆنییەکانیان تاقیکردبێتەوە،

ئـەو پـڕۆگـرامـانـەی هەڵدەستن بـە کـۆکـردنـەوەی ناوەڕۆک و بابەتەکانی ناو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و شیکردنەوەیان؛ ئەوەش بە ئامانجی کۆکردنەوەی زانـیـاریـی یـارمـەتـیـدەر و هـاوکـار بـۆ لێکۆڵینەوە تاوانکارییەکان، ئاگاداربوون لە ترپەی دڵی ئەو دەستە و جڤاتانەی تاوانکاران کاری تێدادەکەن[٥].
پۆلیس هەستا بە بەکارهێنانی بەرنامەی فلیکەر (Flickr) هـەتـاوەکـو لـە ڕێـگـەی وێـنـەوە زانـیـاری دەربــارە شـونـاسـی گـومـانـلـێـکـراوان کـۆبـکـاتـەوە. سەنتەری زانست و تەکنەلۆژیای فەزای ئەلکترۆنی و کاریگەرییەکانی (Cyber and Influence Science and Technology Center) سەر بە وەزارەتی بەرگریی شانشینی یەکگرتوو، بانگهێشتێکی بڵاوکردەوە بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵەتوێژینەوەیەک، کە ئامانج لێیان گەشەپێدانی کۆمەڵە توانستێک بێت، لەوانە "هەڵسەنگاندنی بـاری فـەزای ئەلکترۆنی"، "دروسـتـکـردنـی کـاریـگـەری لـە ڕێـگـەی فـەزای ئەلکترۆنییەوە"، "چاودێریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و شیکردنەوەیان"، "پەنابردن بۆ کۆمەڵە سەرچاوەیەکی زۆر لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە"[٦].

لـەپـشـت ئـەم بـەرەوپـێـشـچـوونـانـەوە کۆمەڵە بەکارهێنان و توانستێکی گـەورە وەسـتـاون، کە چاوەڕوان دەکرێت ڕێگەخۆشکەربن، بۆ دەسەڵاتی

دەوڵەت لە بەردەوامبوونیان بۆ گەیشتن بە داتای تایبەت بە ئامرازەکانی پەیوەندی –بێگومان بەپێی ڕێگەپێدان لە کاتی پێویستدا– و بەدەستهێنانی ناوەڕۆکی ئەو پەیوەندییانەی، لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە ئەنجامدەدرێن، لەنێو ئەوانەشدا ئەو پەیوەندییانەی لە ڕێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە ئەنجامدەدرێن. لە بەریتانیا پڕۆژەیەکی نوێ پێشکەشکراوە بە مەبەستی زامنکردنی پەیوەستبوونی لایەنە تایبەتمەندەکانی جێبەجێکردنی یاساکان، بە جۆرێک کە توانایان هەبێت لەژێر سایەی بەکارهێنانی ئامرازە تەکنەلۆژییە نوێیەکان و ڕێگەتازەکانی پەیوەندیگیریی فەزای دیجیتاڵدا، بە مەبەستی پلاندانان و جێبەجێکردنی لەلایەن تاوانکارانەوە، مامەڵە لەگەڵ تاوان و کارە تیرۆریستییەکاندا بکەن.

گرنگیپێدانێکی خێرای دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردنی یاسا بە وەرگرتنی زانیارییە هەواڵگرییەکان، لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە (کە چەمکی «هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان»مان بەسەردا بڕیوە) پرسیاری دەربارەی ئەو چوارچێوە مەنهەجی و ئەخلاقییە وروژاندووە، کە ئەم جۆرە زانیارییانەی تێدا بەکاردەهێنرێت. بەڵام دەبێت بزانین کە ڕازیبوونی جەماوەری کۆڵەکەیەکی سەرەکییە لە هەر جۆرە چالاکییەکی کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگریدا، تەنها

کاتێکیش دەتوانرێت ئەم ڕازیبوونە جەماوەرییە بەدەستبهێنرێت، کە هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی دروست بەکاربهێنرێت و دەسەڵاتپێدانی تایبەت بەم بوارەش بە شێوەیەکی دروست بێت.

## سەردەمی
## تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان

ئەمڕۆ لە سەردەمی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا دەژین. (فەیسبووک و تویتەر و گۆگڵ و لینکید ئین) نموونەگەلێکن لەسەر ئەو وەرچەرخانە خێرایانەی لە ژیانی خەڵکیدا ڕوویانداوە -هەم لە کاردانەوەکان و شوناسەکان و مشتومڕەکان و بۆچوونەکان- بەرەو گۆڕەپانێکی نوێ، کە تییدا «گشتی» و «تایبەتی» لەگەڵ یەکتردا تێکەڵاوبوون و کۆمۆنەیەکی کۆمەڵایەتیی

فراوانی دیجیتاڵی دروستبووە. ئەم وەرچەرخانە لەسەر بازنەیەکی بەرفراوان و پێشترنەبینراو هاتووەتەئاراوە. بیرمان نەچێت کە تەنیا فەیسبووک ڕۆژانە (٢٥٠ ملیۆن) وێنە ئەپلۆددەکات[٧]، تویتەر هەموو ڕۆژێک نزیکەی (٢٠٠ ملیۆن) تویتی تێدادەکرێت[٨]، بەکارهێنەرانی یوتیوب ڕۆژانە (٤ ملیار) جار تەماشای ڤیدیۆ دەکەن[٩].

لەو دەمەی خەڵکانێکی زیاتر و زیاتر ژیانی خۆیان دەگوازنەوە بۆ سەر شانۆی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و [ نمایبشی دەکەن]، بە هەمان ڕاددەش زیاتر و زیاتر دەبنە بەشێک لە گۆڕەپانە گشتییەکە، پاشان دەبنە جێگەی گرنگیپێدانی ئەو دەستە گشتییانەی (هیئات العامة) هەڵدەستن بە بەکارهێنانیان. بێگومان تێگەیشتن لە ناواخنی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، هەلی ئەوە دەدات دەستە گشتییەکان لەو جەماوەرە تێبگەن کە خزمەتی دەکەن و بە شێوەیەکی باشتر وەڵامدانەوەیان هەبێت بۆیان. بۆ نموونە پسپۆڕانی تەندروستیی گشتی هەمیشە باس لەوە دەکەن، کە دەکرێت لە ڕێگەی پشکنینی تویتەکان و گەڕانی داواکارییەکانەوە[١]، بە

١- مەبەست لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ کۆنترۆڵی پەتا و ئەنفلۆنزاکان چییە؟ وەک دەبینین و دەزانین لە ئێستادا بەکارهێنەرانی ئەم تۆڕانە، بە جۆرێک ژیانی تایبەتی خۆیان نماییش دەکەن، کە وەک دەڵێن پەنجەیەکیان گەرمبێت لە فەیسبووک دایدەنێن، لەم ڕێگەیەشەوە چاودێرانی پزیشکی دەتوانن بەدواداچوون بۆ ئەو پۆست و ستاتوسانە بکەن، کە زۆر دووبارە دەبنەوە دەربارەی

شێوەیەکی زۆر خێراتر لە ڕێگە تەقلیدییەکان بتوانرێت دەستنیشانی پەتاکان بکرێت[10]. سایکۆلۆژیستەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لەو باوەڕەدان فەیسبووک کۆمەڵە ئاماژەیەکی بەهادار سەبارەت بە تەندروستیی لایەنی عەقڵیی پێشکەشدەکات. بە شێوەیەکی کردارەکیی تۆمارەکەسییەکان (پڕۆفایل) ی ژمارەیەک بەشداربووی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕووداوی تەقەکردن لە قوتابخانەکان، [کە دیاردەیەکی تا ڕاددەیەک باوە لە وڵاتانی خۆرئاوا]، بۆ نموونە وەک گومانلێکراوی ڕووداوی تەقەکردن لە قوتابخانەیەکی ویلایەتی «ئۆهایۆ»، کە ناوی (تی. جەی. لین) بوو، هەندێک ناوەڕۆکی ڕێنیشاندەرانەی پێشکەشکردووە، کە خاڵی نییە لە بەڵگە[11]. نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) لەو باوەڕەدایە، کە سوودوەرگرتن لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەکرێت ببێتە یارمەتیدەر لە چارەسەرکردنی بێکاری و کیشەی نەبوونی ئاسایيشی خۆراک لە جیهاندا[12].

وێڕای ئەوانەش، ئێستا گۆڕەپانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان گرنگییەکی گەورەی پەیداکردووە، بۆ ئاشتی و ئاسایيشی گشتی. بۆ نموونە فەیسبووک بەکاردەهێنرێت بۆ بەکرێگرتنی

---

نەخۆشییەک، بەم شێوەیە دەتوانن بگەنە ئەو باوەڕەی کە جۆرێک ئەنفلۆنزا بڵاوبووەتەوە و پێویستە ڕێوشوێنی پێویست بگرنەبەر. ئەمە بە شێوازێکی نوێ و خێرایی بەرگرتن بە نەخۆشییە گواستراوەکان دادەنرێت. (و.ک).

بکوژە پیشەگەرەکان، ئەو کەسانەی چاویان لە منداڵان بڕیوە، بە مەبەستی بەدەستهێنانی مەبەستەکانیان بەکاریدەهێنن، ئەمە جگە لەوەی چەندین کەس بە مەبەستی پێشێلکردنی ڕێکارە تایبەتەکان و دزینی ناسنامە و ترساندن و تۆقاندنی قوربانییان، لە ڕێگەی ترس و تۆقاندنەوە بەکاریدەهێنێت[٣١]. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە بزووتنەوەی گەنجانی موجاهیدی سۆماڵ بکەین، کە سەر بە ڕێکخراوی قاعیدەن و ئەکاونتێکی تویتەریان هەیە، لەو دەمەی چەتەکانی کەنداوی عەدەن هەژمارە ئەلکترۆنییەکان بەگشتی و تویتەر و فەیسبووک بەتایبەتی بەکاردەهێنن، بۆ دانانی پلانی پرۆسەکانیان و هەماهەنگیی نێوان خۆیان[٤١]. ڕۆژنامەی بەناوبانگی ئینگلیزی دەیلی مەیل ئەوەی بڵاوکردەوە ساڵی ٢٠١١ نزیکەی (١٢٣٠٠) تاوان ئەنجامدراوە، کە پەیوەستبوون بە فەیسبووکەوە[٥١].

کاتێک کۆمەڵگە پێشدەکەوێت و ئامرازی نوێی پەیوەندیکردن و ڕێکخستن پەیڕەودەکات، بۆ نموونە وەک تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، ئیدی دامەزراوە گشتییەکان، بە پۆلیس و هەواڵگرییشەوە، ئەرکی مامەڵە و خۆگونجاندن لەگەڵ ئەم ئامرازانەیان دەکەوێتە سەرشان. بڵاوبوونەوەیەکی بەرچاوی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، هیچ نییە جگە لە تازەترین حەڵقەی داهێنراوە تەکنەلۆژییە بێزارکەرەکان، هەر ئەمەش دەخوازێت دەسەڵاتەکان بە ڕۆڵی خۆیان هەستن لە مامەڵەکردن لەگەڵیدا.

# هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان: سوود و هەلەکان

پێوانەکردن و تێگەیشتن لە ملیۆنان کەس، کە بە شێوەیەکی دیجیتاڵی سەرقاڵی گفتوگۆ و مشتومڕ و سوعبەت و گاڵتەوگەپ و شەڕەجنێون، بەهایەکی گەورەی هەیە بۆ زۆر کاروبار و بوارە پیشەسازییەکان. لە ئێستادا کۆمەڵە پرۆگرامێکی تایبەت بە «داتا زەبەلاحەکان» خراونەتە بەردەست،

کە ئامانج لێیان تێگەیشتن و سوودوەرگرتنە لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان. ئەم ئامرازانە، کە بە ناوی شیکردنەوەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە ناسراون، تەونێکی بەرفراوان و هەمەڕەنگیان لەنێو بەشداربووواندا دروستکردووە، کە چاودێریی دەنگۆ و واتەواتەکانی نێو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەکەن بە ئامانجی شوێنکەوتنی ئەو ئاڕاستەیەی، کە پەیوەستە بە بەرهەمەکانیانەوە، یاخود ئەو کۆمپانیایانەی کە لەناو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا بە شوێن سومعەی خۆیان و ئەو قسە و باسانەدا دەگەڕێن، کە پەیوەستن بە خۆیانەوە، ئەمە جگە لە چاودێریکردنی نەخشەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان خەڵک و وەرگرتنی ژیری و دانایی لە کۆمەڵانی خەڵک پەیوەست بە چارەسەرە بەردەستەکان، لە بارە نائاسایی و کتوپڕەکاندا، دواجار بۆ ئەنجامدانی شیکردنەوەی زمانەوانی بۆ ئەو بەشدارییانەی لە ڕێگەی یانەئەلکترۆنییەکان و شیکردنەوەی تۆڕەکانی بەکارهێنەرانی تویتەرەوە دەنێردرێن. هەوڵ و کۆششە ئەکادیمییە سەرەتاییەکان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان بەکارهێناوە، بۆ بەهێزکردنی سەرمایەگوزاریی سندوقە پڕمەترسییەکانی وەبەرهێنان[٦١].

به ڕوانین لە تەکنیکە بەردەستەکانی هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان –هەروەها ئەو هەڕەشانەی لە ئێستادا ڕووبەڕووی ئەم تۆڕە دەبێتەوە، ئەم توانستانەی خوارەوە بە نموونە، دەکرێت هاوکاربن، لە دابینکردنی ئاسایشی گشتی لە داهاتوودا:

ئەو زانیارییانەی کە سەرچاوەکەیان جەماوەرە: دەکرێت ئەمە یارمەتیدەربێت بۆ زامنکردنی پێدان و ئاڵوگۆڕی زانیاریی لەنێوان هاووڵاتیان و حوکومەتدا، بەتایبەت لە بارە نائاساییەکاندا[٧١]. بەهۆی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە، بینەرەپاسیڤەکان دەبنە ڕۆژنامەنووسێکی چالاک، زانیاری بڵاودەکەنەوە و ڕاستەوخۆ لە شوێنی ڕووداوەکانەوە دەیگوازنەوە. بۆ نموونە ڕاپۆرتێکی ئیدارەی پشکنینی پۆلیسی شاهانەی بەریتانیا دەربارەی ئەو ڕووداوە گێرەشوێنییانەی چاودێریی کردوون، ئاماژە بە دروستکردنی خزمەتگوزارییەکی تایبەت بە نامە دەکەن، لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت تایبەت بە پۆلیسی «وێست میلاندز»، کە ئەمەش ڕێگەی بۆ هاووڵاتیان خۆشکردبوو، نامەیەک بنێرن و لە ڕێگەیەوە پرسیارێک لە پۆلیس بکەن و هاوکاری پۆلیس بکەن، لە پێکهێنانی وێنەیەکی ڕووداوەکە لەسەر زەمینەی واقیع لە کاتی پێویستیدا، هەروەک چۆن ڕێگە بە خەڵکی دەدات کاتێک وێنەکە دەخرێتە سەر

ئینتەرنێت، تاوانبارەکە دیاریبکەن[٨١]. سوودوەرگرتن لە ژیریی کۆمەڵانی خەڵک بەهایەکی ڕوون و ئاشکرا و مەزنی هەیە. بۆ نموونە ئەپلیکەیشنی «Ushahidi“، کە سەرچاوەیەکی کراوەی کۆمەڵە خەڵکێکی زۆرە، بواری ڕەخساندووە بۆ پێشکەشکردنی بڕوانامەیەکی بەکۆمەڵ، دەربارەی هەمووشتێک، هەر لە سەرەتاکانی بومەلەرزەکەی ”هایتی“یەوە بۆ ڕێگەداخراوەکان لە ”واشنتن دی سی“[٩١]. ئەم ئەپلیکەیشنە سەرسوڕهێنەرانە تەنها سەرەتایەکن، هەرچەندێکیش هێزی میتۆدە بەکارهێنراوەکان بۆ سوودوەرگرتن لەم جۆرە زانیارییانە زیاتر ببێت لەڕووی چوارچێوە و سنوور و دینامیکییەتەوە، هێندەش چالاکی و کاریگەریی وەڵامدانەوە دینامیکییەکان زیاتردەبن، هەر لە ناردنی ئوتۆمبێلی بەفرماڵەوە بۆ دابینکردنی سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە.

گەڕان و تێگەیشتن: گەڕانی پشتبەست بە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ڕەنگە یارمەتیدەربێت، لە تێگەیشتنمان بۆ گەلێک دیاردە. بۆ نموونە وەک پێوانەکردنی ئاستەکانی توندوتیژی و پێدراوەکانی و ئەو بارودۆخەی ڕێگە بۆ توندتیژی خۆشدەکات، ئەو ڕێگەیانەی سەردەکێشن بۆ توندڕەوی، هەروەها شیکردنەوەی چۆنیەتیی دروستبوونی

ئایدیاکان و گۆڕانیان، لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە لە کارلێکەکۆمەڵایەتییەکانی نێوان کەسانی پەیوەستبوو بە ئینتەرنێت و کەسانی پەیوەستنەبوو بە ئینتەرنێتەوە. بەبێ ئاستە تاکتیکی و پرۆسەسازەکان، لە تێگەیشتن لە پاشخانی گشتیی کەسەکان، گرنگییەکی گەورەی هەیە بۆ کاری ئەمنیی. بۆ نموونە ئامانجی ستراتیژی دژەتیرۆری بەریتانیا، بریتییە لە کەمکردنەوەی هەڕەشە تازەپەیدابووە تیرۆریستییەکان، هەتاوەکو خەڵکی بتوانن بە ئازادی و متمانەوە ژیانی ئاسایی خۆیان بەڕێبکەن، باوەڕیش وایە ڕێگەی ئەنجامدانی ئەم ئەرکە لە مەودای درێژدا لە ڕێگەی چارەسەرکردنی هۆکارە بنەڕەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فکرییەکانی تیرۆرەوە دەبێت.

ویڕای ئەوەش، بەکارهێنانی زیاتری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و گەشەی خێرای میتۆدە شیکارییەکان، لە ئێستادا هەلی نوێی بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردنی یاساکان خوڵقاندووە، هەتاوەکو بتوانن زانیاریی هەواڵگریی پرۆسەساز کۆبکەنەوە، کە دەکرێت یارمەتیدەربن بۆ: دەستنیشانکردنی چالاکییە تاوانکارییەکان، پێدانی هۆشداریی پێشوەخت سەبارەت بە شەپۆلی مانگرتنەکان، داتا و زانیاریی هەواڵگری دەربارەی گرووپ و تاکەکان، یارمەتیدەربوون لە تێگەیشتن لە ترسە

جەماوەرییەکان و مامەڵەکردن لەگەڵیاندا. دەکرێت لە ڕێگەی زانیارییە سەرچاوەکراوەکانەوە، کە لە تویتەر و گەلێک بابەتی دیکەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە دروستدەبن، هەمووکەسێک دەتوانێت بیانبینێت، بە هەندێک لەو بابەتانە بگەین، کە باسکران. گەیشتن بە هەندێک بابەتی دیکە پێویستی بە ڕێگەپێدانی یاسایی هەیە بۆ تێپەڕاندنی ڕێوشوێنە تایبەتمەند و کۆدرێژکراوەکانی ئەم جۆرە ئەپلیکەیشنانە. دەتوانین تایبەتمەندییەکانی ئەم بەکارهێنانە پرۆسەسازە لەم چەند خاڵەدا کورتبکەینەوە:

–هەڵسەنگاندنی هەڵوێستەکان تا ڕاددەیەک لە کاتی ڕاستەقینەدا: ئەمەش بریتییە لە توانستی کۆکردنەوە و پۆلێنکردنی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، بە شێوەیەک کە بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکان ڕوونبکاتەوە. شیکردنەوەی ئەپلیکەیشنی تویتەر ئەوەی دەرخستووە، کە سەرەڕای ئەوەی زۆرینەی پەیام و نامەکان کاتێک لەناو تویتەردا نێردراون و ئاڵوگۆڕکراون، کە پێشتر لە یەکێک لە میدیا سەرەکییەکاندا بوونی هەبووە، بەڵام ئاڵوگۆڕی تویتەکان کە ڕووداوێکی گرنگ ڕووندەکەنەوە، زۆرینەی جارەکان دەکەونە پێش ڕاپۆرتە هەواڵییە کلاسیکییەکانەوە[٠٢]. شیکردنەوەی جووڵەی نامە و وەشاندنەکانی

ناو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، ڕێگەخۆشکەرن بۆ دەستنیشانکردنێکی خێراتری ڕووداوە هەنووکەییەکان، لە کاتێکدا هەمان پرۆسە لە ڕێگەی ڕاپۆرتە کلاسیکییەکانەوە ناتوانرێت بەو خێراییە ئەنجامبدرێت. بۆ نموونە لە ڕێگەی ئەپلیکەیشنی دیاریکردنی شوێنەکانەوە (GPS)، دەکرێت نەخشەیەکی پێشکەوتوو دروستبکرێت، ئەو تویتانە بەدەربخات کە پەیوەستن بە توندوتیژییە گریمانەکراوەکانەوە، کە ئەمەش دەبێتەمایەی بەدەنگەوەچوون و جێبەجێکردنێکی خێراتر و کاریگەرتری ڕووداوە کتوپڕەکان.

–تێگەیشتنێکی کاریگەرانە لە گرووپەکان: دەکرێت ئەمە یارمەتیدەربێت، بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنێکی باشتر لە چالاکی و ڕەفتاری گرووپە دیاریکراوەکان، بەتایبەت ئەو چالاکی و ڕەفتارانەی لای پۆلیس و ئاژانسە هەواڵگرییەکان گرنگن. بە بوونی دەسەڵاتپێدانێکی یاسایی، پۆلیس دەتوانێت هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەکاربهێنێت بۆ دیاریکردن و دۆزینەوە و ئاشکراکردنی «بابەتە گەرمەکان»، کە باڵیان بەسەر گفتوگۆی تایبەتی گرووپە دیاریکراوەکاندا کێشاوە، ئەمە جگە لە چاودێریی کاردانەوەی گرووپەکان بۆ ڕووداوێکی دیاریکراو. لەمیانەی ئەم میتۆدە و کۆمەڵەمیتۆدێکی

دیکەوە، هەواڵگریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاستێکی گشتی بێزاریی لەنێو گرووپێکدا ورووژاندووە، ئەمە جگە لە ترس و دڵەڕاوکێ و ئەو بابەتە سەرەکییانەی، کە لەنێو گرووپەکەدا ورووژێنراوە. لەسەر ئاستێکی لەوە بەرزتر دەکرێت زانیاری لەم بوارانەدا دیاریبکرێت و پوختبکرێتەوە: کاتەکانی پلاندانان بۆ خۆپیشاندان و گردبوونەوەی لەناکاو لەلایەن گرووپێکەوە، کە ببێتەمایەی توندوتیژی و زیادکردنی نیگەرانییەکانی کۆمەڵگە، گردبوونەوەی هاندەرانی تۆپی پێ، کە دەبێتەمایەی ناهەموارییەکی ئابووریی گەورە، ئەمە جگە لەو گرووپانەی پلان بۆ خۆپیشاندانی پێچەوانە دادەنێن، کە ئەمەش دەبێتەمایەی گۆڕانی جۆری کاری پاراستنی پۆلیس و ڕاگرتنی ئاساییش و سیستمی گشتی.

-دەستنیشانکردنی نیازی تاوانکاری و ڕەگەزە تاوانکارەکان لە چوارچێوەی هەوڵدان بۆ ڕێگری لە ئەنجامدانی تاوان و شوێنکەوتنی ئەنجامدەرانی: دەسەڵاتە جێبەجێکارەکانی یاسا، بەو ڕاددەیەی کە یاسا ڕێگەپێیداوە، دەتوانن چاودێریی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بکەن لەلایەن تاکە گومانلێکراوەکانەوە، کە ئەگەر لە تاوان یاخود پیلانگێڕییەکی تاوانکارانەوە تێوەگلابن، پاشان لێکۆڵینەوە لە ئەکاونتی ئەم

جۆرە تاكانە، هەروەها دەستنیشانكردنی كەسانی هاوبەش لە تاوانێكدا، ئاشكراكردنی شوناسە گۆڕاو و ساختەكان، دەستنیشانكردنی ئەو تۆڕە تاوانكارییانەی لە ڕێگەی تۆڕەكۆمەڵایەتییەكانەوە كاردەكەن، پێشكەشكردنی ئەو ناوەڕۆكەی تۆڕەكۆمەڵایەتییەكان، كە وەك بەڵگەی تاوانێك تەماشادەكرێت بۆ داواكاری گشتی.

ئەم توانستانە ئاماژەن بۆئەوەی هەواڵگریی تۆڕەكۆمەڵایەتییەكان، شایەنی ئەوەیە پێگەیەكی گرنگی هەبێت لەنێو كۆسیستمی كاری هەواڵگریی نیشتیمانیدا. لەگەڵ ئەوەشدا هەركاتێك فۆڕمێكی نوێی ئامرازە تەكنەلۆژییەكان دەردەكەوێت، پێویستی بە هەندێك كاتە بۆئەوەی گەشە بە ڕێوشوێنە یاساییەكانی بدرێت و بخرێتە چوارچێوەیەكەوە، كە بتوانرێت تێبینی بكرێت و شیبكرێتەوە و ڕاڤەبكرێت. ژمارەیەك ئاستەنگی سەرەكی هەن، كە دەكرێت پێش ئەوەی بەتەواوی سوود لە هەواڵگریی تۆڕەكۆمەڵایەتییەكان وەربگیرێت بۆ بەرژەوەندیی ئاساییشی نەتەوەیی و ئاساییشی گشتی، چارەسەربكرێن. لە خوارەوە گفتوگۆ لەسەر ئەو ئاستەنگ و كێشمەكێش و چارەسەرە پێشنیاركراوانە دەكەین.

# کێشمەکێشەکانی
# بەردەم هەواڵگریی

### تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان: پێویستبوون و یاساییبوون

ئەو هیوا و ئومێدانەی بە هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە هەڵواسراون، وەک ئامرازێک بۆ جێبەجێکردنی یاسا و بەکارهێنانی وەک سەرچاوەیەکی کراوەی زانیاری، دەبێت بەپێی گونجاویی لەگەڵ واقیعدا ڕێکبخرێت؛ ئەو ئامرازانەی

بۆ مەبەستی پاراستنی کۆمەڵگە بەکاردەهێنرێن، دواجار پشت بە فۆڕمێک لە فۆڕمەکانی پەسەندکردن و بەشداریی جەماوەری دەبەستن. ستراتیژییەتی ئاسایشی نەتەوەیی بەریتانیا درکی بەوە کردووە، کە کاری ئەمنی و هەواڵگری بە شێوەیەکی گشتی تەنیا پشتنابەستێت بە ڕازیبوون و تێگەیشتنی میللیی، بەڵکو پشتیش دەبەستێت بە هاوبەشی و بەشداریی تاکەکان و گرووپەکان؛ کاتێک هەوڵەکانی دەوڵەت هەلی پەسەندکردن و متمانە بەدەستناهێنن، زیانێکی مەترسیدار بەر لایەنی ئەمنی دەکەوێت(١٢).

دەتوانرێت لە ڕێگەی دوو خاڵەوە بگەین بە قبووڵکردنی جەماوەری و پارێزگاریکردن لێی: یەکەم بریتییە لە کۆکردنەوەی زانیارییە هەواڵگرییەکان، بە جۆرێک بتوانێت بەشدارییەکی کاریگەر و چالاکی هەبێت بە ئاڕاستەی بەدیهێنانی ئاشتی و ئاساییش، دووەم، ئەم بەشدارییە گونجاوبێت لەگەڵ بەرژەوەندییە گشتییەکاندا، بۆ نموونە وەک مافی چێژوەرگرتن و ڕەفتارکردن بە ژیانی تایبەتیی تاکەوە. بەگشتی پێویستە چالاکیی هەواڵگری بە شێوەیەکی کاریگەر، بەشداربێت لە بەدیهێنانی بەرژەوەندیی گشتیدا، بە جۆرێک ئەو بەرژەوەندییە هیچی لێ نەبڕدرێت و نەبێتەمایەی هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی دیکە بە شێوەیەکی

خوێندنەوەبۆنەکراو، کە ببێتەمایەی قورسکردنی بەڕێوەبردنی. ئەمانە کێشمەکێشە پێویست و یاساییەکانن.

**پێویستبوون٢**

ڕوخساری یەکەم، کە پێویستە بەکارهێنانی هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەبەرچاوی بگرێت، ئەوەیە، کە بە شێوەیەکی سەرکەوتوو بەکاربهێنرێت. ئەگەر ئەگەرێکی شیاو بۆ بەشداربوونی ئەم هەواڵگرییە لە بەدیهێنانی ئاشتیی گشتیدا لەئارادا نەبێت، ئەوا هیچ پاساوێکی ئەخلاقی و دارایی نابێت بۆ کۆکردنەوەی ئەم جۆرە زانیارییانە یان بەکارهێنانیان. ئەگەر هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان چالاک نەبێت، ئەوا گومانلێکراوەکان، ئەوانەی وەها دەردەکەوێت بێتاوانن، ڕووبەڕووی مەترسی دەبنەوە. هەروەها ئەم هەواڵگرییە ڕەنگە ببێتەمایەی گەیاندنی زیانی لاوەکی

٢- مەبەست لە پێویستیبوون لەم سیاقەدا ئەوەیە، کە ئایا تا چەند پێویستە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک سەرچاوەیەکی هەواڵگری بەکاربهێنرێن؟ ئایا زانیارییەک هەیە، کە هەموو سەرچاوەکانی دیکەی هەواڵگری نەتوانن بەدەستیبهێنن و تەنها لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەردەست بکەوێت؟ واتە توێژەرانی ئەم نامیلکەیە جەخت لەوە دەکەنەوە، کە بە ڕەچاوکردنی لایەنە تایبەتەکانی ژیانی کەسەکان، دەبێت پەنابردن بۆ هەواڵگریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دوابژاردە بێت، هەر خودی نووسینەکەشیان دەربارەی ئەوەیە، چۆن ئەم دوابژاردەیە بەکاربهێنرێت. (و.ک).

به کەسانی دیکە، بەتایبەت ئەو کەسانەی پێویستیان بە چاودێرییە، هەروەک ڕەنگە ببێتەمایەی مەترسیی شێواندنی هەوڵە هەواڵگرییەکان، لە کاتێکدا بەبێ هاتنە ناوەوەی ئەم تۆڕەکۆمەڵایەتییانە بێکێشە بووە.

سەرکەوتنی هەواڵگری خۆی لە کۆکردنەوەی زانیاری و تەنانەت کۆکردنەوەی نهێنییەکانیشدا نابینێتەوە، بەڵکو خۆی لەو بەهایەدا دەبینێتەوە، کە بۆ پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری زیاد دەکات. لەڕاستیدا بیانووی دامەزراندنی هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان —یان هەر جۆرە هەواڵگرییەکی دیکە— و جێبەجێکردنی، وێڕای هەموو مەترسییەکانی، ڕۆڵی دەبێت لە قووڵکردنەوەی بەرژەوەندییە گشتییەکان لەڕووی ئاشتی و ئاساییشەوە. بۆیە پێویستییەکی ئەخلاقییە، کە کردەی هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، هەلێکی گونجاو پێشکەشبکات، بەو پێیەی سەردەکێشێت بۆ زانیاریی هەواڵگریی پێویست بۆ دەستتێوەردان، هەروەها دەشێت وەک هاوبەشێک لە بڕیارەکانی داهاتوودا بەکاربهێنرێت، بە نموونە وەک خزمەتگوزارییە کتوپڕەکان لە شوێن و کاتی گونجاودا.

بۆئەوەی زانیارییەکی «هەواڵگری» بە سەرکەوتوو دابنرێت، پێویستە بە ئاستێکی دیاریکراو سوودبەخش و شیاو بێت لەڕووی چۆنیەتیی کۆکردنەوە و وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە و تێگەیشتن

و جێبەجێکردنەوە. چەندین سەرچاوەی جیاواز و زانیاریی جیاجیا ڕێگەگەلێکی ناوازەیان دۆزیوەتەوە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم کێشمەکێشە. بۆ نموونە هەواڵگریی سەرچاوەکراوەکان (OSINT) پشت بە سێ سەرچاوەی باوەڕپێکراو دەبەستێت، ڕەنگە هەواڵگریی مرۆیی (HUMINT) پشت بە لێکۆڵینەوە لە تۆماری سیخوڕ و پشکنینی سیخوڕ ببەستێت، هەروەها پێویستە لەسەر هەواڵگریی وێنەیی (IMINT) [کە لە ڕێگەی مانگەدەستکردەکان و وێنە ئاسمانییەکانەوە زانیاری کۆدەکاتەوە] هۆشداربێت بەرامبەر خەسڵەتە هونەرییەکانی سندوق یاخود هەر ئامرازێکی دیکەی کۆکردنەوەی زانیاری بێت، پێویستە لەسەر هەواڵگریی نیشانەکان (SIGINT) [کە بە بەکارهێنانی هێما و نیشانەی نێوان مرۆڤەکان یاخود هێما و نیشانە ئەلکترۆنییەکان، زانیاری کۆدەکاتەوە] لە کۆنتێکستی زمانی بەکارهێنراو تێبگات.

کۆمەڵە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکی نایاب هەیە، کە دەکرێت هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی وردبوونەوە لە چۆنیەتیی ئاوێتەکردنی هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەناو خولی هەواڵگرییە کلاسیکییەکاندا پێی ئاشنا بن، بەتایبەت هەنگاوە پڕاکتیکییەکانی کۆکردنەوە و چارەسەرکرد و شیکردنەوە و دابەشکردنی زانیارییەکان.

**گەیشتن بە داتاکان**

«فرەیی زانیارییەکان» یەکێکە لە ئاستەنگەکانی بەردەم هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، هەروەک چۆن ئاستەنگە بۆ زۆرێک لە پرۆسەکانی تایبەت بە هەواڵگریی مۆدێرنی نیشانەکان. لەو دەمەی «دەگمەنیی داتاکان» کێشەی سەرەکی بوو لە کۆکردنەوەی زانیارییە هەواڵگرییە نهێنییەکان، لەمیانەی جەنگی سارددا. بۆیە بەکارهێنانی چەمکی «گەیشتن Access“ بە باشتر دەزانین وەک لە ”کۆکردنەوە Collection“؛ بۆئەوەی ڕوونیبکەینەوە ئێمە لە جیهانی ئینتەرنێتدا مامەڵە لەگەڵ پرۆسەیەکی جیاوازتری کۆکردنەوەی زانیاری دەکەین، کە لە هەواڵگریی کلاسیکدا هەیە. لەمیانەی هەفتەی ئاژاوەگێڕیی ئۆگۆستی ٢٠١١دا بۆ نموونە [لە لەندەن]، ملیۆنان پەیام و نامە سەبارەت بە کردە ئاژاوەگێڕییەکان نێردراون، کە هەموو ئەوانە چیرۆکەهەواڵ و دەنگۆ و کاردانەوە و ئاماژەی تایبەتیان تێدابووە، دەربارەی نیازە تاوانکارییەکان[٢٢]. پرسی گرنگ لەم بارەدا بریتییە لە زانین و دۆزینەوەی ئەو داتایانەی شایەنی ئەوەن پێیانبگەین، شیکردنەوەیان بۆ بکەین؛ واتە جیاکردنەوەی باش و خراپ یاخود تەڕ و وشک لە یەکتر. میتۆدی هەڵسەنگاندنی ئامرازەکان و

پۆلێنکردنیان (لەنێویاندا هەندێک میتۆدی وەک گـەڕانـی واتـاسـازیـی Semantic Search) لە بەردەستدایە و –بۆ نموونە- بە شێوەیەکی چڕ لە هەواڵگریی نیشانەکان و گەڕان لەناو ئیمەیڵەکان و ئاشکراکردنی یاساییانەی بەڵگەکاندا بەکارهاتووە، بۆیە لێرەدا و دەسەڵاتە جێبەجێکارییەکانی یاسا بۆ مەبەستی شیکردنەوەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان پێویستیان پێیەتی.

کاتێک شـیـکـەرەوان هـەوڵـی پـوخـتـکـردنـەوە و دەرهێنانی مانایەکی گشتی دەدەن لەناو کۆمەڵە داتایەکی زەبەلاحدا، چەندین کێشەی جیاجیا دێتە بەردەمیان. یەکێک لە ڕێگە سوودبەخشەکان بۆ ڕووبـەڕووبـوونـەوەی ئـەم ئاستەنگە، بریتییە لە سوودوەرگرتن لە چۆنیەتیی مامەڵەکردنی میتۆدە بڕییـە کلاسیکییەکان لـەگـەڵ کۆمـەڵـێک لـە داتـا زەبەلاحەکاندا. زۆرینەی شیکەرەوان ڕوودەکەنە تەکنیکی ئامار بۆ وەرگرتنی سەمپڵەکان، بە جۆرێک کە بڕێک داتای دانیشتوان وەردەگیرێت، کە بتوانرێت بەڕێوەببرێن، کـە ئـەمـەش گـوزارشـتـە لـە کۆمەڵە بڕێکی گەورەتری داتا، کە ناتوانرێت بەڕێوەببرێن و بەئاسانی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. ڕاستیبوون و دروستیی وەرگرتنی ئەو مانا و خوێندنەوانەی بەگوێرەی ئەم میتۆدە ئەنجامدراون، ڕاوەستاوەتە

سەر جۆرەکەی [نەک بەتەنیا بڕەکەی]، بەتایبەتی ڕێژەی گوزارشتلێکردنی ئەو سەمپڵەی وەرگیراوە. پسپۆڕانی بواری ئامار، بە درێژایی سەدەی بیستەم گەشەیان بەو میتۆدانە داوە، کە کۆمەڵە داتایەکی بچوک بەکاردەهێنن وەک سەمپڵێکی گوزارشتلێکەر، هەر لەو میانەیەشەوە ئەنجامگیرییەکی گشتیتر بەدەستهاتووە، بەتایبەت کاتێک سەمپڵەکان بە شێوەیەکی هەڕەمەکیی بەکارهاتوون. بەسادەیی، ناتوانین بە ڕێگەیەکی گونجاو بگەینە وەرگرتنی ماناکان و ئەنجامگیرییەکان، ئەگەر لێزانینێکی باشمان نەبێت لەسەر چۆنیەتیی وەرگرتنی سەمپڵ و کۆکردنەوەی داتاکان، هەموو ئەوەش کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو ئەنجامگیرییانەی پێیدەگەین.

کێشە سەرەکییەکە ئەوەیە، کە هێشتا زانستەکۆمەڵایەتییەکان گەشەیان بە میتۆد و پڕۆگرامێکی توندوتۆڵ نەداوە، بۆ لێکۆڵینەوە لە داتا زۆر و زەوەندەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان. ئەوەی بەدەستهاتووە تەنها کۆششێکی کەمە بۆ گەشەپێدانی جۆرە جیاوازەکانی ڕێگاکانی وەرگرتنی سەمپڵەکان بۆ مەبەستی ڕێکخستنی داتا ئەلکترۆنییەکان، بەڵکو ئەوەی لەپێشینە بووە گرنگیدانێکی گەورەتر بووە بە ڕێگەکانی گەڕان و چنگخستنی سەمپڵی گەورە (کە لەڕاستیدا ئەمە کایە و بواری پڕۆگرامە

هەژمارییەکانە)، زیاتر لەوەی گرنگیدان بێت ڕێگەکانی گەڕان و چنگخستنی سەمپڵە گوزارشلێکەرەکان (کە لەڕاستیدا ئەمەیان کایە و بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکانە)[٣٢]. لەگەڵ ئەوەشدا، گەشەسەندنی بەردەوامی ئەو تەکنیکە پڕ توانایانەی لە وەرگرتنی سەمپڵ لەناو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا پشت بە بەرەوپێشچوونی زانستی کۆمپیوتەر دەبەستن، گرنگییەکی ئەوتۆی پێنەدراوە لەلایەن پسپۆڕانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە، لەنێو ئەوانەشدا نموونەی «بڵاوبوونەوەی کۆنترۆڵنەکراو»، (کە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە و وردبوونەوەی هەڕەمەکی لە زانیارییەکی بچوک بە مەبەستی دروستکردنی سەمپڵ، دەگاتە لینک و گرێ تۆڕییەکانی دەرەوە)، و چالاکییەکانی بەکارهێنەر، ئەو تاکنیکانەی پشت بە شوێن و پێگە دەبەستن.

تەنیا ژمارەیەک توێژینەوەی کەم هەن، کە پشتدەبەستن بە داتاکانی نێو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، کە ناسراوە بە میتۆدی وەرگرتنی جێبەجێکارانەی سەمپڵەکان، ڕەنگە ئەمە سنوورێک دابنێت بۆ ئەو ئەنجامانەی پێیدەگەین یاخود کاریگەریی دەکەنە سەر لایەندارییەکەی. هێشتا ستراتیژە باوەکانی بەردەستهێنانی داتا لەنێو کایەی کاری ئەکادیمیدا بچووکن؛ بەڵام گەشەسەندوون؛ کە پێی دەگوترێت

سەمپڵە «گونجاوەکان» یاخود «ڕێککەوتەکان»، مەبەست لەم ناونانەش ئەوەیە، کە زانیارییە کۆکراوەکان گەلێک لەبارن و بەئاسانی پێیان دەگەین، بەڵام زۆر گوزارشتلێکەر نین[٤٢]. لەبەر کۆمەڵە هۆکارێکی حەتمیی ئەم میتۆدەی وەرگرتنی سەمپڵ، لە هێزی ئەو ئەنجامگیرییانە کەمدەکاتەوە کە پێیاندەگەین. یەکێک لە نموونە دیارەکان لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوەیەکە، کە بەم دواییانە لەژێر ناوونیشانی خوێندنەوەیەک بۆ کردە ئاژاوەگێڕییەکان Reading the Riots و بە هاریکاریی نێوان ڕۆژنامەی گاردیان و ژمارەیەک لە زانکۆکانی بەریتانیا و ڕۆژنامەنووسە سەربەخۆکان و توێژەرانی کۆمەڵگەی ناوخۆیی. پڕۆژەکە، کە تایبەت بۆ ئامادەکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە دامەزرابوو، نزیکەی ٢,٦ ملیۆن تویتی [تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەری] دەربارەی کردەوە ئاژاوەگێڕییەکانی ئۆگۆستی ٢٠١١ کۆکردەوە، لەمەوە گەیشتە کۆمەڵە ئەنجامگیرییەک، یەکێک لەو ئەنجامگیرییانە ئەوەبوو، کە تەنیا ژمارەیەکی کەمی تویتەکان بۆ گوزارشتکردن و هاندانی کردە تاوانکارییەکان بەکارهاتوون. وێڕای ئەوەش، کۆمەڵێک لە تویتەکان بە بەکارهێنانی نزیکەی ١٥٠ هاشتاگ [#] کۆکرانەوە. ئەمەش بەو مانەیە دێت ئەو تویتانە کۆکراونەتەوە و شیکراونەتەوە

که پەیوەستن بە هاشتاگێکی دیاریکراوەوە، بۆ نموونە وەک ”#Londonriots#“. لەگەڵ ئەوەشدا دەشێت ئەو کەسانەی لە کاتی تویتکردندا هاشتاگێک بەکاردەهێنن، مەرج نییە هەموویان پەیوەست بن بە کردەی ئاژاوەگێڕییەوە. بۆ نموونە ڕەنگە ئەگەری قسەکردنی ئەوانە دەربارەی چالاکییە تاوانکارییەکان کەمبێتەوە، لەبەرئەوەی بەگشتی هاشتاگ لەلایەن بەکارهێنەرانەوە بە مەبەستی گەیاندنی تویتەکان بۆ جەماوەرێکی بەرفراوانتر بەکاردەهێنرێت. لە زانستی ئاماردا، ئەمە بە ”ونبووی نێو داتا ناهەڕەمەکییەکان“ ناودەبرێت؛ بەو مانایەی کۆمەڵە داتایەکی دیاریکراو بە شێوەیەکی میتۆدی و لە ئەنجامی شێوازی وەرگرتنی سەمپڵەکەوە بزربوون. ئەمە کێشەیەکی مەترسیدارە لە کاتی دەرهێنانی ئەنجامگیرییەکان، لەبەرئەوەی کاتێک کۆمەڵەکەسێک، بە هۆکارێک نەوەک بە ڕێککەوت، لە کۆمەڵە داتایەکی گوزارشتلێکەردا ئامادەییان نابێت، ئەوا بەشداردەبن لە خەسڵەتێک یاخود کۆمەڵە خەسلەتێکدا، کە ڕەنگە کاریگەرییەکی گرنگی لەسەر دەرئەنجامەکانی توێژینەوە هەبێت، بەگشتی زۆرینەی جاریش ئەو خەسڵەتە خەسڵەتێکی گرنگە.

بەدەر لەوەی لە توێژینەوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا ئامادەیە، لایەنە تەکنیکییەکانیش

کاریگەریی خۆیان لەسەر جۆری سەمپڵ هەیە. لەناو تویتەردا بۆ نموونە ئەو ڕووکارە گشتییەی ئەپلیکەیشنەکە، کە هەمووکەس دەیبینێت، ژمارەی داواکرییەکانی لە کاتژمێرێکدا کەمدەکات بۆ ١٥٠ دانە، بەڵام کاتێک دەچێتە ناو "لیستی سپی"یەوە ئەم ژمارەیە دەگاتە نزیکەی ٢٠٠٠٠ داواکاری. لەگەڵ ئەوەی بە پێوەری زانستە کۆمەڵایەتییە کلاسیکییەکان ئەمە تەنیا بڕێکی کەم لە کۆی تویتەکانی ناو تویتەر بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت، نەوەک سەمپڵێکی گوزارشتلێکەری خۆبەخۆ. دەکرێت توێژەران بتوانن بگەنە ڕێژەیەکی گەورەتری سەرچاوە خۆراکپێدەر و پاڵنەرەکانی تویتەکان.

لەناو تویتەردا چەند ئاستێک هەیە بۆ گەیشتن بە داتاکان، بە جۆرێک ئاستی "Firehose" گەیشتن بە سەرجەم تویتەکان مسۆگەردەکات، لەو دەمەی ئاستی "Gardenhose" گەیشتن بە ١٠٪ و ئاستی "Spritzer" گەیشتن بە ١٪ی تویتەکان مسۆگەردەکەن. بەڵام ئەوەی جێگەی داخە مەودای کاریگەرییەکانی ئاستەکانی گەیشتنە، کە لەناو کوالیتیی داتاکاندا جیاوازە، هەروەها جۆرەکانی لایەنداریی میتۆدی، کە کار لەسەر شاردنەوە دەکات، بە شێوەیەکی تەواوەتی نەناسراوە و بەدەگمەن ئاماژەی پێدەکرێت.

بۆ خزمەتی سیاسەتی گشتی، لەنێو ئەو سیاسەتانەشدا ستراتیژە ئەمنییەکان، پێویستمان بە گەشەپێدان و پێشخستنی کۆمەڵە پلانێکە بۆ بەدەستهێنانی داتاکان، بە جۆرێک کاربکات لەسەر پێکەوەبەستنی ڕەفتاری بەکارهێنەر، کاتێک کە دەرهێڵە (offline) و لە دەرەوەی ئینتەرنێتە، لەگەڵ ئەو کاتانەی کە لەسەرهێڵە (online) و لەناو ئینتەرنێتدایە. کلیلی ئەمەش گوزارشتلێکردنی دیمۆگرافییە. ئەو کەسانەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی وەک تویتەر و فەیسبووک بەکاردەهێنن، مەیلی ئەوەیان هەیە بە تەمەنێکی کەمتر و وەک کەسێکی دەوڵەمەندتر و خوێندەوارتر و شارستانیتر دەربکەون، بەراورد بە دانیشتووانی دیکەی جیهان بەگشتی[٥٢]. وێڕای ئەوەش کاتێک لە پێکهاتە دیمۆگرافییەکە دەڕوانین، هەر بەتەنیا دانیشتووان بە شێوەیەکی گشتی فاکتەری گرنگ نین، ئەو کۆمەڵگەیەش فاکتەرێکی گرنگە، کە گوزارشت لەو زانیارییانە دەکات کە کۆکراونەتەوە. لێرەدایە کە بابەتی کۆمەڵایەتیی ناو ئینتەرنێت دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەکی بەردەوامەوە، بە پرەنسیپی (باریتۆر) کە ناسراوە بە «کەمینەی چالاک»، بەو مانەیەی کە ٪٨٠ی ئەو بابەتانەی بەکارهێنەرانی هەر ماڵپەڕێکی ئەلکترۆنی بەرهەمیدەهێنن، لە ٪٢٠ی

ئەو بەکارهێنەرانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە خاوەن بەرهەمهێنانێکی بەرزن[٦٢]. توێژینەوەیەک، کە ساڵی ٢٠١٠ لەسەر تویتەر ئەنجامدراوە، گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی کە تا ڕاددەیەکی زۆر ئەمە ڕاستە؛ بە جۆرێک بەپێی توێژینەوەکە ٪٩٠ی تەواوی چالاکییەکان لەلایەن تەنها ٪٢٢,٥ی بەکارهێنەرانەوە ئەنجامدەدرێن[٧٢].

**چارەسەرکردن و شیکردنەوە**

وەک لە بەشی پێشوودا باسمانکرد، پوختکردنەوە و دەرهێنانی ئەنجامگیریی مانادار لەناو داتای تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا، تەحەددایەکی گەورەیە بۆ شیکەرەوەی هەواڵگریی. زۆرێک لەو ئامڕازە تەکنیکییانەی لە کەرتی تایبەتدا لە ڕێگەی بەشەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندییە گشتییەکانەوە گەشەیان پێدراوە، بە گەڕانەوە بۆ پێوەرەکانی گونجان لەگەڵ پێویستیی ئەو پیشەسازییانەدا پێکهێنراون؛ ئامانجیان بریتییە لە بەدەستهێنانی تێگەیشتنێکی گشتی بۆ بیروبۆچوونە تایبەتەکان بە بەرهەمێکی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، یاخود کاتێک هەڵمەتێکی میدیایی نوێ «هەرا»یەک دروستدەکات. لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵە ئەمنی و هەواڵگرییەکان پێویستیان بە نموونەی شیکردنەوەی لەو جۆرە هەیە،

که دەکرێت ببێتەمایەی پێشخستنی ئاستی متمانە، کە لە ڕێگەی ئەو ئامرازە تەکنیکییانەوە پێشناخرێن.

لەبەرئەوەی داتای تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان گەلێک زەبەلاحن، ژمارەیەک ڕێگەی هەژمارکردن گەشەیان پێدراوە بۆ ساخکردنەوە و دەرهێنانی «مانا» بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی و بەبێ بوونی کەسێک بۆ شیکردنەوەیان وەک ئەوەی باوە. گرنگترین ڕێگە بریتییە لە فۆڕمێکی جیاواز لە فۆڕمەکانی زیرەکیی دەستکرد؛ کە ئەویش بریتییە لە «فێرکردنی میکانیکی»؛ کە ئەلگۆریتمەکان بە جۆرێک ڕێکدەخرێن بتوانن شێواز و ڕیتمەکان و مانای نێو هەموو بەشەکانی زانیارییەکان لێک جیابکەنەوە، بەم شێوەیەش پێویست ناکات مرۆڤ بەدیارییەوە دابنیشێت و سەرقاڵبێت پێوەی. کۆمەڵە ئەپلیکەیشنێکی گرنگ هەن، بۆ فێرکردنی میکانیکی، کە کەوتوونەتە نێوان دەستنیشانکردنی گرووپەکان و لادان لە داتا زەبەلاحەکان و دەرهێنانی زانیاریی مانابەخش لەناو تێکستەکاندا. بە شێوەیەکی تایبەتی یەکێک لە ئەپلیکەیشنە گرنگەکان بریتییە «شیکردنەوەی هەستەکان»؛ بە جۆرێک سیستمە هەژمێرەییەکە بەدوای کۆمەڵە سیفەت و خەسڵەتێکی دیاریکراودا دەگەڕێت، لەناو بەشێک لە تێکستەکەدا، هەتاوەکو سەرلەنوێ بیبەستێتەوە بە هەست و

سۆزەکانەوە. هەر هێندەی لەلایەن مرۆڤێکەوە وشە کلیلیی و سەرەکییەکان ئینسێرت کران، کە ئاماژەن بەو هەستانەی دواتر دەگەڕێن بەدوایاندا [لەناو تێکستەکەدا]، هاوکات لەگەڵ ئینسێرتکردنی نموونەی تێکستیی ئەم هەستانە، ئیدی ئەلگۆریتمەکان، بە ئاستی جیاجیای دیاریکردن و وردی، لەسەر ئەو بنەمایە هەڵدەستن بە پۆلێنکردنی بڕێکی زۆری داتا، بە شێوەیەکی میکانیکی و خۆبەخۆ. ئەپلیکەیشنی شیکردنەوەی هەستەکان لەسەر ژمارەیەک ئامانج دروستکراوە، هەر لە پێوانەی هەستی بەکارهێنەرانی تویتەرەوە بەرامبەر پارتە سیاسییەکان، بۆ پێشبینیکردنی داهاتی پەنجەرەی بلیتبڕەکان[٨٢]. ڕەنگە لە داهاتوودا ببینین شیکردنەوەی هەستەکان لەلایەن پۆلیسەوە بەکاردەهێنرێت، بۆ شوێنپێهەڵگرتنی خۆپیشاندەران و ئەگەری ڕوودانی کردەی توندوتیژی و تاوانکاری.

توانای دەرهێنانی واتاکان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە داتا پەیکەربەندی نەکراوەکان، وەک تویتەکانی تویتەر، بوارێکی لێتوێژینەوەی نایاب دەخەنە بەردەست، ئیدی توێژەرەکۆمەڵایەتییەکان دەتوانن بیر لە چارەسەرکردنی زانیارییەکان بکەنەوە، گرووپی سەمپڵەکان ڕێکبخەنەوە، لەسەر ئاستێکی وەها فراوان کە پێشتر نەبووە.

لەگەڵ ئەوەشدا، یەکێک لە لێکەوتە یەکلاکەرەوەکانی بڵاوبوونەوەی شێوازی فێرکردنی میکانیکی، لەنێو شیکردنەوەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا ئەوەیە، کە ئێمە لەم سەردەمەدا، توانایەکی زیاترمان لە بەردەستەدایە بۆ حیسابکردنی ڕەفتاری مرۆڤ لەسەر ئینتەرنێت، ئەوەش لەمیانەی خستنەڕووی ڕاڤەیەکی ڕەخنەگرانە دەربارەی هۆکار و ماناکانی.

بۆ گەیشتن بەم مانایە لە هەرفۆڕمێک لە فۆڕمەکانی پەیوەندیگرتندا، کۆنتێکستەکە ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەبینێت؛ یەکێک لە کۆڵەکە تەوەرەییەکانی زانستی نیشانەکان و زمانناسی ئەوەیە، کە زمان پێکهێنەر و بونیادنەرە؛ مەبەست و پاڵنەر و گرنگیی کۆمەڵایەتی و ئاماژە و دەلالەتی هەرگوتەیەک، هەمووی قابیلی وەرچەرخان و گۆڕانە، بە پشتبەستن بە کۆنتێکستی هەڵوێست و کولتوور. وردیی هەرڕاڤەیەک پەیوەستە بە تێگەیشتنێکی گەلێک چڕوپڕ لەو گرووپە یاخود لەو کۆنتێکستەی توێژینەوەی لەسەر دەکرێت. بۆ نموونە، زۆرینەی گرووپ و کۆمەڵەکان زمانێکی لۆکاڵی و ناوچەیی یاخود زمانێکی تایبەت بە گرووپەکەی خۆیان بەکاردەهێنن، بۆیە بەکارهێنانی گوزارە یاخود فەرهەنگی هەستە دەقگرتوو و گشتییەکان، زۆرجار ڕاڤەی هەڵە دەدەن بەدەستەوە.

سەرەڕای ئەوەش، بەو پێیەی چارەسەرکردنی

بڕێکی گەورەی ئەو داتایانەی لە ئێستادا بەردەستن، پێویستیان بە کۆکردنەوەی داتاکانە بە شێوەیەکی میکانیکی، زۆرجار کۆمەڵە ئاماژەیەکی زۆر لە کاتی شیکردنەوەی داتای تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا لەدەست دەردەچـن، بـزردەبـن، بۆ نموونە وەک زنجیرەی مشتومڕ و زانیارییەکانی پەیوەست بە قسەکەر و لەهجەی قسەکردن. پاشا پێویستە دیالۆگ و مشتومڕەکان لە وێنەیەکی فراوانتردا پوختبکرێنەوە و دەربهێنرێن، وێنەیەکی تایبەت بە هەڵوێست یان کۆنتێکست یان کولتوور؛ واتە لە کۆنتێکستە سروشتییەکەی خۆیدا. پرۆسەی وەرگرتنی سەمپڵ لە گۆڕەپانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا (وەک کۆکردنەوەی تویتەکانی تویتەر و شەیر و پۆستەکانی فەیسبووک)، هاوشێوەیە لەگەڵ هەڵبژاردن و دەستنیشانکردن لە ڕێگەی «بەفلتەردا تێپەڕین» لە هەواڵگریی نیشانەکاندا، زۆرجار بە گوزارەکەی خۆیەوە ناوەستێت بۆ ڕوونکردنەوەی دۆخی قسەکردن لەنێو تۆڕی کۆمەڵایەتیدا، (بۆ نموونە ئایا قسەکان لەگەڵ هاوڕێدا بووە یاخود نەخێر) یاخود لەنێو چاتدا (بۆ نموونە ئایا قسەکان گوزارشت بوون لە بەرگرییەکی توند لەناو مشتومڕێکی گەرمدا). جارێکی دیکە، ئەمە ئەو پرسانەن کە ڕووبەڕووی ئاژانسە هەواڵگرییەکانی نیشانەکان دەبنەوە، لە سەردەمی

ئینتەرنێتدا، بە جۆرێک سەلمێندراوە کە ئەزموونی شیکاری و هەڵسەنگاندنێکی دروست، دوو فاکتەری سەرەکیین.

کۆنتێکست لە ڕێگەی ئەو پێوەر و نەریتانەوە دروستدەبێت، کە لەو ئامرازی پەیوەندیگرتنەدا پەیڕەودەکرێت، کە ئێمە بەکاریدەهێنین. چەندین توێژینەوە لە بواری دەستنیشانکردنی ئەو نەریت و ڕێسا و ڕەفتارانەدا ئەنجامدراون، کە خواستی پەیوەندیگرتنیان هەیە لە ڕێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە لەسەر ئینتەرنێت، کە گەلێک جیاوازە لە چۆنیەتیی پەیوەندیگرتنی خەڵکی لە دەرەوەی چوارچێوەی ئینتەرنێت. بۆ نموونە هەندێک لەم توێژینەوانە ئاماژە بە «کاریگەریی ئازادیبەخشانەی پەیوەندیگرتن لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە» دەکەن؛ بەو مانایەی کەسی بەکارهێنەر لە کاتی پەیوەندیگرتندا لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە نابینرێت و شوناسی نادیارە لای ئەوانی دیکە [یاخود بواری ئەوەی لە بەردەستدایە بەو جۆرە بێت]، ئیدی ئەمە سەردەکێشێت بۆ بەکارهێنانی زمانیی ئازادانەتر و وردتر و ڕوونتر و گوزارشت لەخۆکردنێکی ئازایانەتر(٩٢). هەروەک چۆن پەیوەستبوون بە گرووپ و بزووتنەوەکان بە هەمان شێوە گۆڕانیان بەسەرداهاتووە؛ فۆڕمە کلاسیکییەکانی ئەندامێتیی گرووپێک یان بزووتنەوەیەکی تا ڕاددەیەک

گەورە، زۆرینەی جارەکان ڕەسمی بەشداربوون و لیستی ئەندامێتی لەخۆ دەگرێت. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ زۆرێک لە گرووپە ئینتەرنێتییەکان، تەنها یەک کلیک بەسە بۆ کۆتاییهێنان بە ئەندامێتیی ئەندامێکیان. ئەم شێوەیەی کۆتاییهێنان بە ئەندامێتی هەرەبەردەست و هەرەبەکارهاتووە، ڕەنگە لە هەموو شێوەکانی دیکەش زیاتر پێویستی بە ڕاکێشکردنی مرۆڤ هەبێت بۆ ناو بازنەیەکی نەخوازراو. لەڕاستیدا لێکۆڵینەوەیەکی نوێ کە نزیکەی ١٣٠٠ لایەنگری «دەستەی بەرگریی ئینگلیزی»ی لەسەر فەیسبووک گرتووەتەوە، ئاماژە بەوە دەدات، کە تەنیا سێیەکیان بە خۆیان دەڵێن ئەندام لە گرووپەکەدا، و تەنیا چارەکێکی ئەو ژمارەیەش بەشدارییەکی ڕاستەقینەیان هەیە، لە ڕێپێوانەکاندا[٠٣].

ئەم دیاردانە هەموو پێکەوە دەبنەمایەی دەرکەوتنێکی خێرای ڕۆشنبیرییە لاوەکییە تایبەتەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، کە بەشدارە لە گەشەپێدانی چەمکی نوێ و نەریتی کۆمەڵایەتی و بەکارهێنانی زمان بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا[١٣]. بەدڵنیاییەوە بوارێکی دیکەی کۆمەڵناسی هەیە، کە ئەویش کۆمەڵناسیی دیجیتاڵییە، کە تایبەتە بە تێگەیشتن لە کاریگەرییە سۆسیۆکولتوورییەکانی ئینتەرنێت و ڕێگە نوێیەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت.

لەبەرچاونەگرتن و بەهەندوەرنەگرتنی کۆنتێکست،

چەندین دەرهاویشتەی گەورەی لێدەکەوێتەوە، ڕەنگە ببێتەمایەی هەڵەتێگەیشتن. لە ساڵی ٢٠١٠دا (پۆڵ شامبەرز) بۆ لایەنگرانی ڕاگەیاند –کە ژمارەیان ٦٥٠ کەسە لەسەر تویتەر– دەیەوێت «فڕۆکەخانەی ڕۆبن هود بتەقێنێتەوە»![٢٣]. بێگومان شامبەرز بەگاڵتەوە ئەوەی گوتووە، بەڵام بە شێوەیەکی سەرەتایی لەسەر بنەمای «بەکارهێنانی سیستمی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ هەڕەشە» و بەپێی یاسای پەیوەندییە گشتییەکانی ساڵی ٢٠٠٣ تۆمەتبارکرا، تۆمەتبارکردنەکەشی شەپۆلێک ڕەخنە و نارەزایەتی بەدوای خۆیدا هێنا، ئەوەبوو لە تێهەڵچوونەوەدا ئەم تۆمەتبارکردنە شکستی پێهێنرا. دادوەری ناسراو (جۆناسان بنیت) ئاماژەی بەوەدا، کە «مەترسییە ئەمنییە زۆرەکان» خۆیان لە جێڕەوتی ئەو کاتانەدا دەبیننەوە، کە تێیدا دەژین، نەوەک لە جێڕەوتێکی ڕۆشنبیری و دۆخئامێزی دیاریکراوی قسەکردن لەسەر تویتەردا[٣٣]. لە پرسێکی هاوشێوەدا ڕێگری لە هەریەکە لە (لی ڤان بریان) و (ئیمیلی) و (نیتینگ) کرا، بچنە ناو ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە، ئەمەش دوای ئەوەی لەسەر تویتەر گوتبووی: «ئەم هەفتەیەم تەرخانکردووە بۆ گەیاندنی هەواڵێکی خێرا/ ئامادەن پێش ئەوەی بڕۆین و ئەمەریکا وێرانبکەین؟»[٤٣].

وێڕای ئەوەی چارەسەرێکی ئەوتۆ بۆ ئەم ئاستەنگانە نییە، دەکرێت چەند هەنگاوێک بگرینەبەر. **یەکەم:** دەبێت ئامرازەکانی چارەسەرکردنی داتا زەبەلاحەکان زیاتر «شیاوبن بۆ پێوانەی مرۆیی»؛ بە مانایەکی دیکە زیاتر شیاوبن بۆ ئەو بابەتە مرۆییەی خواستی پێوانەکردنی لەسەرە. پێویستە ڕێگە شیکارییە ئامارییەکانی وەک «شیکردنەوەی هەست و سۆزەکان» ئەو شیکەرەوە و پسپۆڕانە لەخۆبگرێت، کە لە نەریت و ڕەفتاری گرووپەکان تێدەگەن و دەیکەنە جێگەی توێژینەوە. دووەم: پێویستە هەرشیکردنەوەیەکی داتاکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان هەمیشە پشت بە خودی ئامرازەکە ببەستێت: فەرهەنگ و زمان و ڕەفتاری دیاریکراوی سەر فەیسبووک. لەم بارەیەوە پڕۆژەکەی ڕاینارد (Project Raynard) تا ڕاددەیەک بە یەکێک لە پڕۆگرامە باش و مۆدێرنەکان دادەنرێت، کە جەخت دەکاتەوە لەسەر گرنگیی دامەزراندنی نەریتەکان، پێش هەمووشتێک لەناو ژینگەی ئینتەرنێتدا، پیش ئەوەی بەدوای لادان لەو نەریتانەدا بگەڕێت[٥٣]. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە هەررێکخراوێک هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەکاربهێنێت، پێویستە درک بە کۆتوبەندە شیکاری و ڕاڤەکارییەکانی ئەم بوارە بکات، هەروەها چۆن ئەم کۆتوبەندانە ڕەنگدانەوەیان

دەبێت لەسەر چۆنیەتیی ئەو بیرۆکانەی، کە دەکرێت بەدەستبهێنرێن، ئەمە جگە لە جۆری ئەو بڕیارانەی لەژێر سایەی ئەم جۆرە کۆتوبەندانەدا پەنایان بۆدەبرێت.

### بڵاوکردنەوە

بەکارهێنانێکی چالاکانەی زانیارییە هەواڵگرییەکان، کە لە ژێدەرە ئینتەرنێتییەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە، لەنێویاندا داتای تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، ڕاوەستاوەتە سەر گەیاندنی بە کەسانی مەبەست بە شێوەیەکی خێرا و پارێزراو، هەروەها بە شێوەیەک پێشکەشبکرێت، کە وەک شتێکی خاوەن گرنگیی ستراتیژی و پڕۆسەساز بۆ دروستکەرانی بڕیار تەماشای بکرێت. بە پشتبەستن بە ئامانجی هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، بڵاوکردنەوە فۆڕمگەلێکی جیاجیای وەرگرتووە، هەر لەو پەیپەرە شیکارییە ستراتیژییە قووڵانەوە، کە پشتدەبەستن بە سەرچاوەکان و هۆشداری و پێشنیار دەخەنەڕوو، بۆ بەکارهێنانێکی پڕۆسەسازی یەک سکرین، ئەو داتا بینراوانەی لە زەمەنی حەقیقیدا پێشکەشدەکرێن و لەسەر مۆبایلەکان بوونیان هەیە[٦٣].

چەندین ئاستەنگ و کێشمەکێش هەن پێویستیان بە چارەسەرکردنە. یەکەم: دەبێت بڵاوکردنەوەی

زانیارییە هەواڵگرییەکانی ناو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ڕەنگدانەوەی ئاستەنگە گشتییەکانی بەکارهێنانی هەواڵگریی ئەم تۆڕانە بێت، وەک ئاڵۆزیی داتاکان و قەبارەیان و دینامیکییەتیان، –هەروەها ئەو کێشانە بە باری سەرنج وەربگرێت، کە لە سەرەوە ڕوونکرانەوە و پەیوەستن بە پێگەیشتن و ڕاڤەکردنەوە– و هەرنیشاندانێکی پێویست، کە لەگەڵ ڕێوشوێن و هۆشدارییە نوێیەکاندا ئەنجامبدرێت.

**دووەم:** پێویستە بڵاوکردنەوەی زانیارییە هەواڵگرییەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ کەناڵە هەواڵگرییە باوەکاندا یەکبخرێت، وەک پۆلیس، خزمەتگوزارییەکانی وەڵامدانەوەی لەناکاو، دەزگای هەواڵگری، سەنتەری شیکاریی تیرۆر، نووسینگەی هەڵسەنگاندنی مەترسییە نیشتیمانییەکانی سەر بە ئەنجوومەنی وەزیران و ...هتد. لەگەڵ ئەوەشدا کارەکە پێویستی بە ڕاهێنانێکی دیاریکراوی کەسانی سەرەوەیە لەسەر سێ ئاست: زێڕین، زیوین، برۆنز، هەروەها ڕاهێنانێکی زیادەی ئەفسەرانی پلەیەکە، کە سوودێکی باش وەردەگرن لە بەکارهێنانی ڕۆژانەی ئەم جۆرە زانیارییانە، ئەوانەی لەمڕۆدا وەها تەماشایان ناکرێت، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندیداربن بە زانیارییە هەواڵگرییەکانەوە.

**سێیەم:** پێویستە بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پارێزگاری لێکردنیان بکەوێتە ژێر باڵاترین پێوەری ئاساییشی زانیاری و پارێزگاریکردن لەو ئاساییشە. پێویستە جێبەجێکردنی ڕێوشوێنە بەردەوامەکانی زامنی گەیشتن بە داتا هەواڵگرییەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەپێی ڕێگەپێدانێکی گشتیی بێت، بەهەمان شێوە بڵاوکردنەوەی ڕێکبخرێت. بڵاوکردنەوەیەکی ناڕێکخراوی ئەم داتایانە ڕەنگە ببێتەمایەی لەقکردنی متمانەی ڕای گشتی، بەرامبەر ئەم جۆرەی هەواڵگری. لەژێر سایەی زیادبوونی ئەو زانیارییە کەسییانەی لەلایەن حوکومەتەوە کۆکراونەتەوە و هەڵگیراون، بە شێوەیەکی گشتی، هەم بەهۆی ونبوونی داتاکان و هەم بەهۆی هەڵگرتن و پاراستنیان بە شێوەیەکی ناتۆکمە، هەم بەهۆی دزەکردنێکی دوژمنکارانە بۆ ناو ئەم داتایانە، ئەگەری ئەوە لەئارادایە، کە ئەم داتایانە ئاشکرابن، بێگومان ئەمەش دەبێتە مایەی کاڵکردنەوەی متمانەی ڕای گشتی.

**چوارەم:** جێبەجێکردنێکی چالاکانەی شێوازەکانی پیشاندانی داتاکان بە شێوەیەکی وێنەیی، کارێکی پێویستە بە ئامانجی گۆڕینی زانیارییە هەواڵگرییە ئاڵۆز و بەیەکداچووەکان بۆ فۆڕمێکی ڕوونتر، بەڵام لەگەڵ پاراستنی سروشتی ئاڵۆزی زانیارییەکان

خۆیان. ئاژانسەکانی جێبەجێکردنی یاسا بە شێوەیەکی تایبەتی پێویستیان بە بەدەستهێنانی ئەزموونی زیاترە، لە بەکارهێنانی میتۆدەکانی شیکردنەوەی داتا هەواڵگرییەکانی تایبەت بە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، هەتاوەکو ببێتەمایەی گەشەپێدانی ڕێسا و ڕێنماییە تێروتەسەلەکان بۆ بەڕێوەبردنی بە شێوەیەکی پارێزراو.

**لێکۆڵینەوە، هەبوونی دەسەڵات، بەکارهێنان**

ئەو ڕێگەیەی کە هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەهایەکی زیادکراوی لێوە دەخاتەڕوو، پەیوەستە بە چۆنیەتیی بەکارهێنانی ئەو کەسانەی بە شێوەیەکی کردارەکی زانیارییەکان بەکاردەهێنن (وەک ئەفسەرانی پۆلیس لە هێڵی پێشەوە)، هەروەها پەیوەستە بە چۆنیەتیی ڕاڤەکردن و مامەڵەکردن لەسەر بنەماکەی (وەک بڵاوکردنەوەی هێزەیەدەکەکان لە قۆناغی ئامادەکاری بۆ دەستپێکردنی ڕێپێوانێک). وێڕای ئاستەنگە میتۆدۆلۆژییە زۆرەکان لەبەردەم ڕاڤەکردنێکی بەرپرسیارانەی زانیارییەکان، تۆڕەکۆمەڵایەتییە چاودێریکراوەکان، ئەگەری ئەوەیان هەیە زانیاریی درۆی مشتومڕئامێزیان تێکەڵبکرێت، هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە جارێکی دیکە و بە شێوەیەکی بژارکراو ئەو بابەتانی لێ بڵاوبکرێتەوە، کە دڵخوازی کەسێکی دیکەیە، ئەمە

جگە لە هەڵە و شێواندنە ڕوون و ئاشکراکان. لێکۆڵینەوە لە دەسەڵاتی زانیاریی هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، ئەرکێکی گرنگی ئەو کەسەیە کە شیکردنەوە بۆ ئەم تۆڕانە دەکات.

لەو مەترسییانەی پێویستە ئاگاداریان بین لە کاتی لێکۆڵینەوە لە داتا هەواڵگرییەکانی تایبەت بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بریتییە لە مەترسیی ئەندازیاریی «کاریگەریی چاودێری»؛ بەو مانایەی کاتێک کەسەکان هەستدەکەن، لەژێر چاودێریدان، هەڵدەستن بە گۆڕینی ڕەفتاری خۆیان. لە ساڵی ٢٠٠٩دا «تۆڕی تیۆەگلان لە سیاسەت»ی سەر بە کۆلیژی ئابووریی لەندەن، هۆشدارییدا سەبارەت بەو کاریگەرییە، ئەوەش لە ڕاپۆرتێکدا کە وەڵامدانەوە بوو بۆ پرۆگرامی نوێکردنەوەی نارەزایەتیی پەیوەندییەکان، کە ئەوکات حوکومەتی بەریتانیا هەوڵی پەیڕەوکردنی دەدا. ڕاپۆرتەکە ترس و نیگەرانیی دەربڕیوە سەبارەت بەوەی کاتێک ڕای گشتی درک بەوە دەکات، کە داتای پەیوەندییەکان کۆدەکرێتەوە و پۆلێندەکرێت، ئەمە ببێتەمایەی دروستکردنی کاریگەرییەکی نێگەتیڤ بەرامبەر مافی تاک لە ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادیی کۆبوونەوە، ڕەنگیشە ستاییشی خەڵک بکرێت بەرامبەر بەشداریکردنیان لە تۆڕە پەیوەندییەکاندا[٧٣].

لە لایەکی دیکەوە، دەرکەوت کە پێشبینییەکانی پێشوو ڕاست نەبوون، کە بۆ نموونە گریمانەی پاشەکشەی ئەو زانیارییە هەواڵگرییانەیان کردبوو، کە لە ئەنجامی پڕۆگرامە کۆدکراوەکانی پەیوەندییەکانەوە پەیدادەبن. بە هەمان شێوە پێشبینیی ئەوە ناکرێت، کە ئەو گۆڕانکارییانەی لە ئەنجامی هەستکردنی بە بوونی چاودێرێک لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا، لە ڕەفتاری جەماوەر و بەکارهێنەراندا ڕوویداوە، ببێتەمایەی کەمکردنەوەیەکی بەرچاو لە چالاکیی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و داتاکانی پەیوەندیگرتن لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە، بەوپێیەی ئەم تۆڕەکۆمەڵایەتییانە سەرچاوەی هەواڵگرین.

کێشەی یارییپێکردنیش پەیوەستە بەم پرسەوە؛ کە بریتییە لە بەکارهێنانێکی بەئەنقەستی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بە ئامانجی تێکدانی کاروباری چاودێریکردن و سەرلێشێواندنی، واتە سەرشێواندن لە دەزگای جێبەجێکردنی یاسا. لە چوارچێوەی کاری هەواڵگریدا، ئەمە کێشەیەکی نوێ نییە، ئەزموون پێمان دەڵێت، کە لە ڕابردوودا هەبووە، بۆ نموونە وەک پڕۆسەی خەڵەتاندنی وڵاتانی هاوپەیمان لە جەنگی جیهانیی دووەمدا، ئەمەش ئەو هۆشدارییە ڕووندەکاتەوە، کە دەکرێت لە ڕێگەیەوە پلان بۆ پڕۆسەکانی خەڵەتاندن دابڕێژرابێت،

هەتاوەکو ئەنجامی پێچەوانەی لەسەر خاوەنەکەی هەبێت. سروشتی هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ڕەنگە وەهای کردبێت هەوڵەکانی خەڵەتاندن زیاتر گریمانەی لێبکرێت، ئەمەش لەبەر ڕۆشنایی بوونی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە گشت شوێنێک و بەکارهێنانی لەسەر ئاستێکی فراوان و بەخشینی ڕەهەندێکی دیموکراسییانە، بە کۆدڕێژکردنی کۆمپیوتەر و مەعریفەی تەکنیکی. لەنێو ئەو نموونانەدا کە بەم دواییانە ڕوویانداوە، ئەو کۆمەڵە ئیمەیلە دزەپێکراوە بوو، کە بانگەشەی ئەوە دەکرا ئیمەیلی خانمە ڕاوێژکارێکی بەشار ئەسەد بێت بە ناوی (هەدیل)، کە لەژێر ناسنامەیەکی گریمانەیی و ساختەدا لە فەیسبووک چەند کۆمێنتێکی لایەنگیریی بۆ ڕژێمی سووریا نووسیبوو، کە پێموایە ئەگەر ڕاستەقینە بێت هەڵەیە، پاشان ئەم بابەتە ڕووماڵێکی نیودەوڵەتی لەسەرکرا لە تۆڕی سی ئێن ئێن[٨٣].

لەبەر ئەم هۆکارانە، پێویستە پرۆسەیەکی گشتگیر و تێروتەسەل (لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی پێویست خێرا) لەئارادابێت، بۆ زامنکردنی ئەگەری بەدیهێنانی زانیاری لە هەرڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی زانیاریی هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، پێش ئەوەی بە شێوەیەکی کۆتایی بنێردرێت بۆ بەکارهێنەر. لە لایەنە ئایدیالییەکەوە، لەسەر ئاستە باڵاکانی ڕیزبەندیی

هەیکەلیی پرۆسەکە، لێکۆڵینەوە لە ڕاستیی زانیارییە هەواڵگرییەکانی تایبەت بە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەکرێت، ئەویش بە دەستپێک لە ئەرکەکانی گەیشتن بە داتاکان و چارەسەرکردنیان کاتێک بە شێوەیەکی پێویست سەرچاوەی زانیارییە هەواڵگرییەکان بەکاردەهێنرێت، بە بابەتە سەرچاوە کراوەکانیشەوە (open source).

هاوشێوەی ئەوەی لە سەرچاوەی زانیارییە هەواڵگرییەکانی دیکەدا هەیە، پێویستە ئەم پرۆسەی لێکۆڵینەوە و ساخکردنەوەیە لە فۆڕمی ڕاپۆرتدا ئەنجامبدرێت، بەو پێیەی هەندێک لە زانیارییە هەواڵگرییەکانی ناو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەژێر پۆلێنی "نهێنی"دا پۆلێندەکرێن. لەمیانەی ڕوونکردنەوەی خاڵە لاوازەکان و لایەنگیریی چاوەڕوانکراو لە بەدەستهێنانی زانیاری و شیکردنەوەی، دەتوانین ئاستی گرنگیی ئەو زانیارییانە بزانین، کە کۆدەکرێنەوە و ئامادەکاریی پێشوەخت بکەین بۆ ئەو ئەنجامگیرییانەی ڕەنگە پێیانبگەین.

هەروەها پێویستە لەتوانامانەدا بێت زانیارییە هەواڵگرییەکانی ناو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ببەستینەوە بە بەڵگەکانی دیکەوە لەپێناو دروستکردنی وێنەیەکی گشتی، واتە ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن

بە بەکارهێنانی "سەرجەم سەرچاوەکان". پێویستە هەڵسەنگاندنێک بۆ بەهای ئەو زانیارییانە بکەین، کە لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە دەستمان دەکەون، بەراورد بە شێوازەکانی دیکەی هەواڵگری، هەروەک چۆن پێویستە لەو ڕێگەیانە بکەین، کە دەتوانین بەهۆیانەوە چەندین جۆری زانیاریی هەواڵگریی دیکە بەکاربهێنین. ئەوەی لێرەدا یەکلاکەرەوەیە بریتییە جیێبەجێکردنێکی ورد و دەقیقی هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، لە کات و ساتی دیاریکراو و لە هێزی خۆیدا، بەراورد بە شێوازەکانی دیکەی زانیارییە هەواڵگرییەکان. ئەوەی وەهای کردووە شتەکە بەتەواوەتی ئاڵۆز بێت، بریتییە لە جیاوازییەکانیان بەپێی بارێکی پەیوەندیدار، کە لە دەستنیشانکردنی ئاڕاستە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەسەر ئاستێکی فراوان دەستپێدەکات، بۆ چوارچێوەی نەهێشتنی ئاژاوەگێڕی و کۆنترۆڵکردنی ئاپۆرای خەڵک.

چەندین ستراتیژی سوودبەخش هەن بۆ گەشەپێدانی پرۆسەکانی لێکۆڵینەوە لە هەواڵگریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. دەکرێت بەبێ پەیوەندیگرتن بە ئینتەرنێتەوە توێژینەوەی باشتر ئەنجامبدرێت، هاوتەریب لەگەڵ پرۆژەی هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بە ئامانجی دروستکردنی هەلێک بۆ بەراوردکردنی ئەنجامەکان. بۆ نموونە

جێگەی بایەخە کە کۆمەڵەرێسایەک تایبەت سەبارەت بە چۆنیەتیی گۆڕانی دیاردەکانی ئینتەرنێت بۆ ڕەفتار، لە دەرەوەی بازنەی ئینتەرنێت. هەروەها دەکرێت بە کاریگەرییەکی کۆنەخوازانەی پێوانەکردنی وردی هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان داتاکان شیبکرێنەوە و ئەو کەیسانە دەستنیشانبکرێت، کە تێیدا ئەم وردییە تێپەڕێندرێت. ئەمە جگە لـەوەی بەرپرسیارێتیی لێکۆڵینەوە لە بابەتەکان دەکەوێتە سەر شانی ئاژانسی تایبەتمەند، کە زانیارییە هەواڵگرییەکان کۆبکاتەوە، پێویستە بە شێوەیەکی باش لێهاتوویی تەواوی لق و بەشە حوکومییەکان بەهێزبکرێت، کە بەشداردەبن لەم کارەدا؛ ئەستەمە بەبێ بوونی شیکەرەوە و ئەفسەرانی پۆلیس و دادوەرانێک، کە بتوانن لە ڕێسا و نەریتەکانی تێبگەن، ئەم ئامڕازە بەکاربهێنرێت. بیرمان نەچێت لە دواجاردا تەنها و تەنها لە ڕێگەی بەکارهێنانەوە لە بەهای ڕاستەقینەی هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان تێدەگەین. لەگەڵ زیادبوونی بەکارهێنانی هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا بە شێوەیەکی پلەبەپلەیی ئەم تێگەیشتنە دروستدەبێت، هەروەها دەبێت چاوەڕوانی کۆمەڵە ئاستێکی جیاوازی سەرکەوتنی بکەین لە جێڕەوتە جیاوازەکاندا.

بە شێوەیەکی گشتی مەترسییە سەرەکییەکانی بەکارهێنانی زانیاریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان

دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هیچ کارلێکێک لەنێوان زانستە مرۆڤایەتییەکان و پسپۆڕییەکانی بواری کۆمپیوتەر و ئامار. ئەو پسپۆڕییانەی دەتوانن لە ڕەفتاری مرۆڤ تێبگەن و شەرحی بکەن (واتە زانستە کۆمەڵایەتی و ڕەفتارییەکان، زانستی سیاسەت، لێکۆڵینەوە لە هەڵبژاردنە سیاسییەکان، ئەنترۆپۆلۆژیا و سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی) هیچ ئایدیا و بیرۆکەیەکی تایبەت بەو میتۆدانەیان بەرهەم نەهێناوە، کە تەکنیکە زەبەلاحە زەرووڕەکان بۆ تێگەیشتن لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان پەیڕەوی دەکەن. بە پێچەوانەی ئەوەوە تێبینیی ئەوە دەکرێت، کە خودی میتۆدی داتا زەبەلاحەکان، کە لە ئێستا بڕبڕەی پشتی توانستی هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایتییەکانی پێکهێناوە، کۆمەڵناسی بەکارنەهێناوە بۆ بەرجەستەکردنی ئەو پێوەر و ئامارانەی بەکاریاندەهێنێت بۆ ڕاڤەکردنی ڕەفتاری مرۆیی بە شێوەیەکی پڕناوەڕۆک.

بە کۆی گشتی هەنگاوە مەنهەجییەکان ئاماژە بە گەشەسەندنێکی جەوهەری دەدەن، لە توانستە بەردەستەکان بۆ بەکارهێنان و سوودوەرگرتن لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان. بۆئەوەی هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەپێی پێویست بەهێزبێت، بە جۆرێک بتوانێت لەسەر ئەو بنەمایە بڕیارەکان وەربگرێت و گۆڕانکاری لە سیاسەتەکاندا

بکات، پێویستە پشت بە سیستمێکی ئەکادیمیی جێبەجێکارانەی نوێ ببەستێت؛ کە ئەویش زانستی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانە. ئەمە دەتوانێت ببێتەمایەی ئاوێتەکردنێکی پڕماناتر و چڕتر بۆ مەنهەجە کۆمپیوتەری و تەکنیکی و مرۆییەکان. تاکە ڕێگە بۆئەوەی ئەو لێکدانەوانەی ڕەفتاری مرۆڤ، کە پشت بە داتاکان دەبەستن، بە هەمان شێوە لێکدانەوەیەکی خاوەن خەسڵەتێکی مرۆیی بن، بریتییە لە هێنانەئارای ئاوێتەبوونێک لەنێو ئەو تایبەتمەندییانەدا. ئەمەش پێویستی بە دروستکردنی پەیوەندیی نوێیە لەگەڵ زانـای پیشەسازی و نـاوەنـدە ئەکادیمییەکاندا، هاوشان لەگەڵ سەرمایەگوزارییە ماوەدرێژەکان، ئـەمـەش لەپێناو بونیادنانی توانستە تەکنیکی و مەنهەجییەکاندا، لەپێناو پیشاندانێکی ئەم بوارە نوێیە بە شێوەیەکی شایستە.

**یاساییبوون**

مـەرجـی گـرنـگـی دووەم بـۆ بـەکـارهـێـنـانـی هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ئەوەیە، کە ئەم جۆرە هەواڵگرییە بە شێوەیەکی یاسایی کارەکانی خۆی بکات. بە شێوەیەکی گشتی تـەواوی چالاکی و جموجووڵە ئەمنی و هەواڵگرییەکان فۆکەسیان خستووەتەسەر ڕاگرتنی باڵانسێکی ورد لەنێوان

سێ بەش لە بەرژەوەندیی گشتیدا: پارێزگاری لە ئاساییشی نیشتیمانی بە سیستم و ئاشتیی گشتییەوە، مافی هاووڵاتییان لە سەروەریی یاسا و ئازادی و تایبەتمەندییەکاندا، خۆشگوزەرانیی ئابووری و کۆمەڵایەتیی گشتگیر بۆ وڵات و هاونیشتیمانییان. بۆئەوەی هەواڵگریی تۆڕە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی یاسایی بەکاربهێنرێت، دەبێت ئەو مەترسی و پێشهاتانە لە بەرچاوبگرین، کە ڕەنگە زیان بە بەرژەوەندیی گشتی بگەیەنن، هەروەها مەرجیشە ئەم بەرژەوەندییە هاوتا بێت لەگەڵ هەر بەشدارییەکدا، کە پێشکەشدەکرێت.

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا پێویستە ئەم سێ بەشە لە بەرژەوەندییە گشتییەکان هەریەکەیان ببنە بەهێزکەری ئەوی دیکەیان: بوونی ئاساییش زامنی سەرمایەگوزاریی ناوخۆیە، بوونی متمانەی بازاڕ پاڵپشتێک و بەهێزکەرێکە بۆ خۆشگوزەرانی ئابووری و ئاشتیی کۆمەڵایەتی، کە ئەمەش لای خۆیەوە دەبێتەمایەی پارێزگاری لە ئاساییش. لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵە ساتێک هەن پێویستە بژاردەی پێویست یەکلایی بکەینەوە؛ بەجۆرێک کە ڕەنگە هەندێک جار تاکە پاساو بۆ خستنە بەر مەترسیی بەرژەوەندیی گشتی، بریتیبێت لە فەراهەمکردنی بەرژەوەندییەکی دیکە، بەو پێیەی هەموو ئەوانە

لە چوارچێوەیەکی بونیادنراودان لەسەر بناغەی مافەکان. لەگەڵ ئەوەشدا تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانیش ئەگەری گێرەشێوێنییان لێدەکرێت؛ چونکە لەڕاستیدا کاریگەرییان دروستکردووە، لە هەندێک باریشدا سەرلەنوێ چۆنیەتیی لێکۆڵینەوە لە سێ بەشەکەی بەرژەوەندییە گشتییەکانیش دادەڕێژنەوە، ئەمەش لەبەر ئەم هۆکارانە:

-**هاوشێوەبوون و جیاوازی:** هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان چەند بەشێک دەبڕێت، دەتوانێت لە یەک کاتیشدا گوزارشت لە زیاتر لە بەشێک بکات؛ پشکنینی تویتەکانی تویتەر لەسەر بازنەیەکی بەرفراوان، لە گەلێک ڕووەوە هاوشێوەیە لەگەڵ چاودێریی کۆمەڵایەتیی، وەک بڵاوکردنەوەی کامێرای چاودێریی تەلەفزیۆن، لە شوێنە قەرەباڵغەکاندا. چاودێریکردنێکی خێرا و چاپووکانەی پرۆفایلی کەسێک لەسەر فەیسبووک لە ڕەوتی لێکۆڵینەوەدا، هاوشێوەیە لەگەڵ چاودێرییەکی ڕووبەڕوو، کە تەنیا ئەفسەرێکی پۆلیسی پلەبەرز دەتوانێت ڕێگەی پێبدات. هەروەک چۆن گەیشتن بە نامەکانی بلاکبێری کۆدکراو لە ڕێگەی شکاندنی ژمارەی نهێنییەوە، خراپ بەکارهێنانی هۆیەکانی پەیوەندیکردنە بەپێی یاسای ڕێکخستنی مەودای پشکنینی ساڵی ٢٠٠٠ لە شانشینی یەکگرتوو،

پێویستی بە وەرگرتنی ڕێگەپێدانە بۆ جێبەجێکردنی.
-**گشتیبوون:** کاتێک هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەنجامدانی وربوونەوە و بەدواداچوونی خۆتێهەڵقورتێنەرانە، لەوانەیە ناوێکی گومانلێکراو یاخود ژمارەتەلەفۆنێکی بەئامانج گیراو بوونی نەبێت، لەوانەشە ئەنجامێکی گشتی و دیارینەکراوی تاکێک بێت (وەک ئەوەی تێبینی دەکرێت ڕێژەی بەکارهێنانی پەیوەندییەکان لە ڕێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە لەو ناوچانە زیادیکردووە، کە ڕاپەڕینی تێدا هەڵگیرساوە).
-**بواری فراوانبوون:** زیادبوونی توانستی کۆمەڵە میتۆدێکی میکانیکی بۆ کۆکردنەوەی داتاکان، توانیویەتی ببێتەمایەی زیادبوونی تواناکانی لە کۆبوونەوەی سەدانەوە بۆ کۆکردنەوەی ملیۆنان بەش لە زانیاریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی ئاسان و بە نرخێکی هەرزان. کە ڕەنگە دیاریکردنی قەبارەکەی بە شێوەیەکی پێشوەخت ئاسان نەبێت.
-**نەرمینواندن:** دەکرێت ناوەڕۆکی ژمارەیەکی زۆر لە تەکنیکەکانی «پشکنین»ی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەئاسانی گۆڕانیان بەسەردا بێت (بە نموونە وەک ئەو وشە سەرەکییانەی گەڕانیان بەدوادا دەکرێت). ئەمەش بەو مانایە دێت، کە دەکرێت زۆر بەئاسانی دووبارە ئاڕاستەبکرێنەوە بەدوور

لە ئەرک و وەزیفە بنەڕەتییەکەی خۆی، کە ڕەنگە لەڕووی پڕۆسەسازییەوە پاساوەکەی بریتیبێت لە گۆڕانکارییە تاکتیکییەکان لەسەر زەمینەی واقیع.

**-نەبینراو:** وەک شێوازەکانی دیکەی چاودێریی نهێنی، بەگشتی پڕۆسەکە لای خودی بەکارهێنەرانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بینراو نییە، هەروەها دەبێتە تێپەڕێنەری ئەو شتانەی گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە کۆمەڵە ڕێوشوێنێکن بۆ پاراستنی تایبەتمەندییەکان.

**-ترسێکی جەماوەریی فراوانتر سەبارەت بە چاودێریی دیجیتاڵی:** دەبێت لە چوارچێوەی ترسە جەماوەرییەکاندا سەبارەت چاودێریی دیجیتاڵیی، لە هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان تێبگەین، ئەمەش لە ئەنجامی زیادبوونێکی گەورە لە سیستمی زانیارییەکان، کە توانایەکی گەورەی هەیە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان و هەڵگرتنیان و دووبارە هێنانەوەیان و دابەشکردنەوەیان و خستنەڕوو و بڵاوکردنەوەیان. ترسەکان سەبارەت بە زیادبوونی هەلی چاودێریکردن لەناو ژینگەیەکی دەوڵەمەند بە زانیارییەکان، و لێکەوتەکانی زنجیرەی خستنەڕوویی، و ئەگەری ئاشکراکردنی داتاکان، کاریگەریی گشتیی گومانکردن لەسەر ئەنجامدانی تاوان لە ئەنجامی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئاستێکی بەرفراوان[٩٣].

هاوشێوەی جۆرەکانی دیکەی هەواڵگری، پێویستە

چارەسەری ئەو ترسە گشتییانە بکرێت، کە پەیوەستن بە تایبەتمەندییەوە. جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بدەین کە خودی چەمکی تایبەتمەندی چەمکێکی سەرلێتێکدەرە؛ ماددەی ٨ لە «ڕێککەوتننامەی ئەورووپی بۆ مافەکانی مرۆڤ» تەرخانکراوە بۆ ڕێزگرتن لە «ژیانی تایبەتی و خێزانی و خانەوادەیی و نامەگۆڕینەوەکانی کەسەکان». ڕێزگرتن لە تایبەتمەندییە شەخسییەکان واتە زەروورەتی پارێزگاری لە نهێنیبوونی داتاکان و کۆکردنەوەیان بەبێ دیاریکردنی شوناس و ناسنامە و بەکارهێنانی بەپێی بڕیاردانی کەسەکە، (لەسەر پرەنسیپی ڕەزامەندیی پێشوەخت)، هەروەها پێویستە خەڵکی بتوانن بیبینن و هەڵەکانی ڕاستبکەنەوە، یاخود بە هیچ شێوەیەک زانیارییەکان کۆنەکرێنەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆر لە گۆڕانکارییە بەرفراوان و بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگە ڕۆڵیان هەیە، لە گۆڕینی جەوهەری مانای تایبەتمەندێتی لای خەڵک. بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی تایبەتی کێشمەکێشێکە بۆ جیاوازییە ڕوون و ئاشکراکانی نێوان شتە تایبەتەکان و ناتایبەتەکان. ئامارەکانی پەیمانگای «ماکینزی»ی جیهانی ئاماژە بەوە دەدەن، کە هەموومانگێک (٣٠ ملیار) بەشە بابەت لەسەر فەیسبووک بڵاودەکرێتەوە، کە زۆرینەیان داتای شەخسیین[٠٤]. بڵاوکردنەوەی بڕێکی

زۆر لەم جۆرە داتا شەخسییانە کە بە شێوەیەکی ئازادانە بڵاودەکرێنەوە، لەگەڵ ئەو ژمارە زۆرە لە تاکەکان و دامەزراوەکان، کە دەتوانن بگەنە ئەم جۆرە داتایانە، پێشتر هاوشێوەی نەبووە. بە پشتبەستن بەو ڕێکارە تایبەتانەی بەپێی هەڵبژاردەی بەکارهێنەران ڕێکدەخرێن، ئەو زانیارییە شەخسییانەی دەخرێنە ناو فەیسبووکەوە، دەتوانرێت لەلایەن سەرجەم بەکارهێنەرانی دیکەی فەیسبووکەوە نیشانبدرێتەوە، کە ژمارەیان نزیکەی (٨٤٥ ملیۆن) بەکارهێنەرە. ئەم بڵاوبوونەوە بازنەفراوانەی زانیارییە شەخسییەکان شتێکی جەوهەرییە سەبارەت بە ڕۆحی پێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان. ئاماژە بەوە دەکرێت، کە ڕێکارە تایبەتەکانی ماڵپەڕی فەیسبووک هۆشداریی ئەوە دەدەنە بەکارهێنەران، کە دەکرێت ئەو زانیارییانە بڵاوبکرێنەوە، لەو دەمەی ماڵپەڕی تویتەر بە ڕوونییەکی زیاترەوە ڕایگەیاندووە، کە «زۆرینەی ئەو زانیارییانەی دەگەنە ئێمە، ئەو زانیارییانەن کە داوامان لێدەکەن بە شێوەیەکی گشتی نیشانیان بدەین»[١٤]. لە ئەنجامی ئەم ڕەفتارە گۆڕاوانەوە، (مارک زوکەربێرگ)ی بەڕێوەبەری جێبەجێکاریی فەیسبووک ڕایگەیاندووە، کە تایبەتمەندێتی «وەک ڕێسایەکی کۆمەڵایەتی نەماوەتەوە»[٢٤]. زۆرینەمان ئەوەمان قبوڵکردووە، کە کۆمپانیا تایبەت و

گشتییەکانی وەک (تیسکۆ، کلّەبکاردن، ئەمازۆن، ئۆیستەر و گۆگڵ) بڕێکی زۆر لە داتا تایبەتییەکانمان بزانن و ڕۆژانە تۆماری بکەن. لە ڕاپرسییەکدا کە لەلایەن دامەزراوەی «یۆرۆبارۆمەتر»ەوە ئەنجامدراوە، زۆرینەیەکی لاوازی ئەوانی ڕایان وەرگیراوە، لە بەریتانیا پێیان وابووە وێنەکانیان داتایەکی شەخسییە، لەو دەمەی ڕێژەی کەمتر لە نیوە، پێیان وا بووە کە «هاوڕێیانی ئەو کەسە»ش دەچێتە چوارچێوەی داتا شەخسییەکانەوە، ڕێژەی ٪٤١ پێیان وا بووە وردەکاریی ئەو ماڵپەڕانەی سەردانی دەکەن پێکهاتووە، لە داتا شەخسییەکان، هەروەها ٪٣٢ پێیانوایە چێژ و بیروبۆچوونە تایبەتییەکانی خۆی داتایەکی شەخسییە. لە بەرامبەر ئەوەدا زۆرینەی زۆر پێیانوایە زانیارییە داراییەکان داتایەکی شەخسیین[٣٤]. لەگەڵ ئەوەشدا و وێڕای ئەوەی توێژینەوەژان ئاماژە بەوە دەدەن، کە ئاشکراکردنی زانیارییە شەخسییەکان بەشێکی هەرەگرنگە لە ژیانی مۆدێرندا، بەڵام لای زۆرینەی بەکارهێنەران ترسێک سەبارەت بە مانای ئەوە لەئارادایە[٤٤]. لە ڕاپرسییەکدا کە کۆمسیۆنی ئەورووپی لە ساڵی ٢٠٠٨ ئەنجامیداوە، ٪٨٠ی ئەو کەسانەی ڕایان وەرگیراوە پێیانوابووە، کە «هۆشیاری»ی خەڵک بە پاراستنی داتا شەخسییەکان لە بەریتانیا لاوازە[٥٤].

گرانە بە شێوەیەکی بابەتی هەڵوێستەکان سەبارەت بە تایبەتمەندێتی پێوانەبکەین، بەتایبەت ئەو هەڵوێستە بەربڵاو و گشتییانەی دەگەڕێنەوە بۆ پڕەنسیپەکان. ڕێسا ڕەفتارییە بەربڵاوەکان، وەک قەبارەی ئەو زانیارییانەی لە ئێستادا بڵاویاندەکەینەوە، ئاماژەن بۆئەوەی کە چەمکەکە لە دۆخێکی شل و لاستیکیدایە و بە شێوەیەکی ڕیشەیی سنوورەکانی ناساندن دەکێشێتەوە. مشتومڕ بەردەوامە سەبارەت بەوەی لە ئێستادا ئەم سنوورانە لەکوێدان، ئەو سنوورانەی سەرلەنوێ دەکێشرێنەوە سەبارەت بە خاوەنداریێتیی زانیارییە شەخسییەکان و بڵاوکردنەوە و بەکارهێنانیان، بەڵکو لەڕاستیدا تایبەتمەندێتییەکەی لەکوێدایە؟[٦٤].

کێشەی بنەڕەتیی بەکارهێنانی جۆرە جیاوازەکانی هەواڵگری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەلایەن حوکومەتەوە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە چوارچێوەی بەکارهاتوو لە زانینی پێشێلکردنی تایبەتمەندییەکان و چارەسەرکردنی، ڕووبەڕووی بارگرانی دەبێتەوە، لە پاراستنی نەریت و هەڵوێستە کۆمەڵایەتییە گۆڕاوەکان. کۆمەڵە ئامرازێکی زۆر هەن، کە دەوڵەت دەتوانێت بەکاریانبهێنێت بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانی پێویست بە خەڵک و سوودلێوەرگرتنیان، سیستمگەلێکی جیاوازیش هەن

بۆ ئەنجامدانی ئەمە. هەمووسیستمێک لەو زەرەر و زیانانە تێدەگات، کە لە ئەنجامی بەدەستهێنانی زانیارییە شەخسییەکانەوە دووچاری دەبێت. بۆ نموونە کاتێک دەوڵەت دەکەوێتە ئەنجامدانی چاودێری، سەرەتا ڕەزامەندی وەردەگرێت، وەک هەمیشەش زامنی ئاشکرانەبوونی شوناس دەخاتە بەرچاو، کاتێکیش دەوڵەت سوود لەو گەڕانانە وەردەگرێت، کە کەسانی دیکە ئەنجامی دەدەن، بەکارهێنانێکی دادپەروەرانە جێبەجێدەکرێت و باشییەکەی دەگەڕێندرێتەوە بۆ تاکە پەیوەندیدارەکان. کاتێک دەوڵەت زانیاری بەدەستدەهێنێت بۆ دەستنیشانکردنی ناسنامەیەکی دیاریکراو، لە ڕێگەی بەکارهێنانی ترشی ئەتۆمیی (DNA) بۆ کەسێ گومانلێکراو، شتەکە پێویستی بە وەرگرتنی ڕەزامەندیی ئەو کەسە نییە، بەڵام ڕێوشوێنی تایبەتی بۆ پاراستنی دەگیرێتەبەر. کاتێکیش دەوڵەت هەڵدەستێت بە چاودێریکردن، بێگومان بە شێوەیەکی نهێنی چالاکییەکە ئەنجامدەدات، وەرگرتنی ڕەزامەندیی تاک شتێکی گونجاو نییە. دوای ئەوەی بۆ بەرپەرچدانەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ترسانەی پەیوەستن بە تایبەتمەندێتی و تێپەڕاندنی سنووری ئەو تایبەتمەندێتییە، ڕەزامەندیی کۆمەڵگە کارێکی پێویستە، کە ئەویش لە ڕێگەی یاساکانی تایبەت بە دەسەڵاتپێدانەوە؛ واتە سەرپشککردنی دەزگای

تایبەت بەو کارە. لەگەڵ ئەوەی یاساکانی تایبەت بە دەسەڵاتپێدان لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی دیکە دەگۆڕێن، بەڵام هەموویان لەسەر بنەمای پەیوەندیی نێوان ئاستی زیانەکان لە لایەک و زنجیرەی ئەو هەنگاوانەش لە لایەکی دیکە، کە دەگیرێنەبەر بۆ کەمکردنەوەی زیانەکان (لەنێوانیشیاندا ڕێگەکانی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی و لێپرسینەوە و پێویستیبوون). بەڵام بەو پێیەی لە ئێستادا بەم میتۆدە بێت چەمکی تایبەتمەندێتی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، گرانە ئەم جۆرە زیانە بە زیانێکی ئەخلاقی هەژماربکەین.

### خۆشگوزەرانیی ئابووری و کۆمەڵایەتی

ئینتەرنێت، وەک فەزایەکی ئازاد و کراوە لە چوارچێوەی سنوورە شیاوەکاندا، کۆمەڵە سوودێکی ئابووری و کۆمەڵایەتیی بێسنوور پێشکەشدەکات. هەروەک چۆن چالاکییە حوکومییەکان ئامانجیان پارێزگاریکردنە لە گەشانەوە نەوەک پێچەوانەکەی. (ویلیام هیگ)ی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، ساڵی ٢٠١١ ڕایگەیاند کە «هیچ شتێک لەوە وێرانکەرتر و شێوێنەرتر نییە، کە دەوڵەت کۆنترۆڵێکی بەهێز بەسەر ئینتەرنێتدا بگرێت، چونکە ئینتەرنێت و

کاریگەرییەکانی لەسەر گەشانەوەی دەوڵەت لە ڕێگەی بەهرەی تاکەکان و پیشەسازیی ئینتەرنێتەوە لە چوارچێوەی بازارێکی کراوە بەڕووی بیرۆکە و داهێنانەکاندا گەشەدەکات»[٧٤]. لە لایەکی دیکەوە، پێویستە درک بەوە بکرێت، کە پرۆسەی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی نارێکخراو لەسەر بازنەیەکی فراوانی زانیاریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بە یەک ئاست لەلایەن کۆمپانیاکان و حوکومەتەکانەوە (تەنانەت ئەگەرچی سەرچاوەیەکی کراوە بن) مەترسییەک لەخۆ دەگرن، ئەویش مەترسیی نەمانی متمانەیە بەم فەزایە و بەهاکەی. ئەو بیرۆکەیە نوێ نییە کە دەڵێت سوودە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئینتەرنێت ڕاوەستاوەتە سەر گریمانەی کرانەوە و نەهێشتنی چاودێریی حوکومی لەسەر تۆڕەکە. لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی بیستدا ئەرگیومێنت و ڕوانگەیەکی بەهێز هەبوو دەربارەی سوودی ئینتەرنێت و وێنە چاوەڕوانکراوەکەیان؛ هەلێکە بۆ گەشەسەندن و وەرچەرخان لە سیستمی دەوڵەتی نەتەوەییەوە بۆ کۆمەڵگە پاش-سنوورە هەرێمییەکان، کە خاوەن ئۆتۆنۆمیین، کە بەپێی گرێبەستە کۆمەڵایەتییە ناجێگیرەکان کاردەکات. (جۆن پێری پارلۆ) لە ڕاگەیەندراوە ناودارەکەیدا، سەبارەت بە

سەربەخۆیی فەزای ئەلکترۆنیی حوکومەتی دەوڵەتە پیشەسازییەکان ڕایگەیاند، کە فەزای ئەلکترۆنی خودی خۆی گەشە بە سەروەریی خۆی دەدات، «ئێوەش پێشوازیلێکراو نین لەنێوماندا»[٨٤].

پێموایە، وەک لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵی بۆدەدەین، گرنگە جیاوازی بکەین لەنێوان «سەرچاوەی کراوە»؛ واتە هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییە نەبەزێندراوەکان، (کە بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێت چاودێریی زانیاریی بەکارهێنەران بکرێت و دزەبکرێتە ناو ئەو زانیارییانەوە)، لەگەڵ «سەرچاوەی داخراو»؛ واتە هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییە سنووربەزێنەکان، (کە پەیوەستە بە چاودێریی و دەستنیشانکردنی شوناسی بەکارهێنەرەوە). پاشان هەر چوارچێوەیەک شەرعییەتێک بەدەستبهێنێت و ببێتەمایەی کۆکردنەوە و بەکارهێنانی زانیاری لەلایەن هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە، پێویستە جیاوازی بکات لەنێوان ئەو ڕێوشوێنەی، کە بە چاودێرییەکی سنووربەزێن دادەنرێت لەگەڵ پێچەوانەکەی. ئەمەش لای خۆیەوە وەهامان لێدەکات، درک بەوە بکەین کە هەندێک کات دەتوانین بە شێوەیەکی یاسایی هەوڵی چاودێریکردن و چۆنیەتیی بەکارهێنانی هەرزانیارییەک بکەین کە دەیخەینەڕوو، بەڵام هەندێک کاتیش پێویستە کۆنترۆڵی تاکەکان تێپەڕێنین. ئەو

بارودۆخەی ئەمەی تێدا ڕوودەدات، پەیوەستە بە بڕیارەکان و هەڵوێستە دەستەجەمعییەکان سەبارەت بە دەسەڵاتی دەوڵەت.

چەمکی سەرەکی و گونجاو بۆ ئەم جیاوازیکردنە بریتییە لە مامەڵەکردنی بەکارهێنەر، بە بەکارهێنانی داتاکانی لەمیانەی ڕەزامەندیی وەرگرتنەوە. بۆئەوەی هەواڵگریی تۆرەکۆمەڵایەتییەکان سنووربەزێن نەبێت و سەرچاوەکراوە بێت، پێویستە توانای ئەوەی نەبێت تاکەکان دەستنیشانبکات، یاخود وەک ئامرازێکی بۆ لێکۆڵینەوەی تاوانکاری بەکاربهێنرێت، یان ئارەزووە تایبەتییەکانی بەکارهێنەر ببەزێنێت.

پێویستە مامەڵەکردن لەگەڵ هەر بەکارهێنانێکی حوکومی هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییە کراوەکان، بە هەمان ئەو ڕێوشوێن و مەرجانە ئەنجامبدرێت، کە بەسەر کۆمپانیا تایبەت و ناوەندە ئەکادیمییەکاندا دەسەپێنرێت سەبارەت بە بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، لەگەڵ مەرجی داوانەکردنی ئاشکراکردنی ناو و پاراستنی داتاکان. سەبارەت بە هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییە کراوەکان، وەک ئەوە لە زیانەکەی ناڕوانرێت کە پێشێلکردنی کایەی تایبەتیی کەسێک بێت، یاخود پرسێکی گەورەی پەیوەست بە متمانە و گومانی

ناوەکییەوە (لەگەڵ ئەوەی هیچ شتێک لەم بابەتانە لە چوارچێوەی هەواڵگریی تۆڕە کۆمەڵایەتییە کراوەکاندا ڕوونادات)، بەڵکو وەها لێی دەڕوانرێت کە پەیوەستە بە لەدەستدانی کۆنترۆڵی زانیارییەکان، لە ڕێگەی تێپەڕاندنی بەکارهێنانی پێشبینیکراو بە شێوەیەکی شیاو. دەشێت پێشبینیکردنە شیاوەکان لە ڕێگەی جۆرە کرانەوەیەکەوە بەسەر چۆنیەتیی کارکردنی ئەم جۆرە هەواڵگرییە و کاتەکەیەوە، پارێزراوبن. پێویستە پاساوی هەموو ئەم سیاسەتە تایبەتانە پەیوەست بێت بە کۆکردنەوەی زانیاری و پارێزگاری لێکردن و بەشدارییپێکردن و ڕاگەیاندنی مەبەستی کۆکردنەوەکەی.

هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییە سنووربەزێنەکان گەلێک ڕوون و بەرچاوە؛ بە جۆرێک کە هەموو دەوڵەتەکان بەفیعلی چوارچێوەیەکی تەشریعیی هەیە، بۆ ڕێکخستنی چۆنیەتیی کۆکردنەوەی زانیارییە هەواڵگرییە سنووربەزێنەکان، بۆ نموونە بە مەبەستی ئاساییشی نەتەوەیی و خۆبەدوورگرتن لە تاوان و ئاشکراکردنی (لە شانشینی یەکگرتوو بۆ نموونە، ئەم دەسەڵاتە لە یاسای ساڵی ٢٠٠٠دا فەراهەمکراوە، کە پەیوەستە بە ڕێکخستنی دەسەڵاتەکانی لێکۆڵینەوە). دەکرێت جێبەجێکردنی ئەم جۆرە تەشریعە بۆ

هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییە سنووربەزێنەکان بە جۆرێک بەیاسایی بکرێت، کە ئەم لایەنانە بگرێتەوە: دەسەڵاتی پێویست بۆ چنگخستنی زانیارییەکان، ئەو ڕێوشوێنانەی پێویستە لەسەر هەردوو ئاستی یاسایی و پرۆسەسازیی پەیڕەوبکرێن. گرنگە پەسەندکرنێکی جەماوەریی هەبێت بۆ ڕیزبەندی و ڕێوشوێنەکان بە پشتبەستن بەوەی چاودێریی بەردەوام و چالاکیی دەوڵەت لەسەر پرەنسیپە ئەخلاقییە دروستەکان دامەزرابێت. لەم بارەیەدا پێشنیاری گونجاندن و پەیڕەوکردنی ئەو کۆمەڵە پرەنسیپە دەکەین، کە (سێر دەیڤد ئۆماند) پێشکەش بە کۆمەڵگەی هەواڵگری کردووە، لە کتێبەکەیدا بە ناوی دڵنیایی دەوڵەت [٩٤].

**پرەنسیپی یەکەم:** پێویستە پرسێکی شایستە و بەردەوام هەبێت. ئەم پرەنسیپە گشتگیرە جەخت لە پێویستیی لەبەرچاوگرتنی وێنە گەورەکە دەکاتەوە، لە کاتی ئەنجامدانی هەرکارێکدا؛ وەک ئەو ئامانجە گشتییانەی دەبنە پاساوێک بۆ ئەوەی لایەنێکی گشتیی توانستی کۆکردنەوە و تێگەیشتن و بەکارهێنانی داتا و زانیاریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی هەبێت. مەترسیی ئەوە لەئارادایە، کە زنجیرەی ڕێوشوێنەکانی هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان (کە هەریەکێک لای خۆیەوە دەتوانێت پاساوی

بداتەوە) هەموو پێکەوە هەڵخلیسکێن، بەرەو خاڵێکی کۆتایی نەخوازراو: ئاستێک لە چاودێریی گشتیی قبووڵنەکراو لە لایەنی جەماوەرییەوە، هەوەها بوونی توانستێکی مەترسیدار، زیانێکی گشتگیر بۆ ئامرازێک کە پێویستە بە بەهایەکی جەوهەرییەوە. مەرج نییە هەرشتێک کە بتوانرێت ئەنجامبدرێت، ئیدی پێویستی بێت ئەنجامبدرێت. دوای ئەوە جێبەجێکردنی پرەنسیپی مەرجی بوونی پرسێکی شاییستە و بەردەوام شتێکی زەروورە لەپێناو: زامنی مانەوەی هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەناو چوارچێوەیەکی پێویستدا، پێشکەشکردنی سوودە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەمنیەکان لە بواری جێبەجێکردنی یاسادا، بەرەنگاربوونەوەی دروستکردنی ئیمپراتۆریەتێکی بیرۆکراسی، گەڕان بەدوای ڕێگەگەلێک بۆ بەگەڕخستنی وزەهەڵگیراوەکان یاخود کارکردن لەسەر ئاسانکردنەوەی تەکنەلۆژیای بەردەست لە هاوردەکەرە بازرگانییەکانەوە. ل

**پرەنسیپی دووەم:** دابینکردنی سەلامەتیی پاڵنەرەکان. ئەم پرەنسیپە ئاماژەیە بۆ گرنگیی سەلامەتیی پاڵنەر لە تەواوی کایەی هەواڵگرییدا، هەر لە ڕاگەیاندنی پاساوی خودی پرۆسەی داخڵبوون و چنگخستنی زانیارییەکانەوە بۆ شیکردنەوەی

بابەتیی و پێشکەشکردن و خستنەڕووی ئەنجامەکان بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانە. پاساوەکانی هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی هەواڵگریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە حاڵەتی تاکەکاندا، پێویستە بە شێوەیەکی تایبەتی ڕوون و ئاشکرا بێت، هەروەها پاڵنەرەکانی دیکە لەلایەن ئەفسەرانەوە لە ڕەوتی لێکۆڵینەوەدا نەشاردرێتەوە. زانیارییە هەواڵگرییەکان بە سروشتی خۆیان هەمیشە کەموکورتییان تێدایە و کامڵ نین، ڕەنگە هەڵەشبن، و ببنەمایەی فریودان. لە کاتی نیشاندانی زانیارییە هەواڵگرییەکان لەسەر بەکارهێنەرە کۆتاییەکان (کۆتابەکارهێنەری ئەو زانیارییە)، پێویستە بەڕوونی هێڵ و سنوورەکان دەستنیشانبکرێن. پێویستە بڕیاری بەکارهێنان (یاخود بەکارنەهێنانی) زانیارییە هەواڵگرییەکان، یاخود ئەو ئەنجامانەی لەو زانیارییانەوە وەرگیراون، کاریگەر نەبن بە لایەنە ناوخۆیی و نیشتیمانیی و فشارە میدیاییەکان.

**پرەنسیپی سێیەم:** پێویستە میتۆدە بەکارهێنراوەکان گونجاو و پێویست بن. پرەنسیپێکی چەسپیو هەیە لە جێبەجێکردنی یاسادا، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە پێویستە قەبارەی زیانە چاوەڕوانکراوەکان کە لە ئەنجامی گرتنەبەری ڕێوشوێنەکانەوە دێتەئاراوە، گونجاوبێت لەگەڵ ئەو زیانەی هەوڵ بۆ بەرپێگرتنی دەدرێت. لە کاتی هەڵسەنگاندن بۆ ئەم گونجاندنە،

پێویستە قەبارەی دەستتێوەردانەکە هەڵبسەنگێندرێت. ئەمەش بە مانای لانیکەمی چاودێریی نهێنیی ئەو کەرەستە و بابەتانە دێت، کە بەکارهێنەر هیچ کۆتێکی نەخستوونەتەسەر، جیا لەو حاڵەتانەی دیکە کە بەکارهێنەر لیستێک هاوڕێی تایبەتی دیاریکردووە، کە دەتوانن بگەن بە زانیارییەکان، یاخود ئەگەر سیستمێکی وەک بلاکبێری بەکاربهێنن، کە پێویستی بە کۆدێکی نهێنی هەیە.

**پرەنسیپی چوارەم:** پێویستە دەسەڵاتپێدان بە شێوەیەکی گونجاو بێت، لەلایەن چاودێرییەکی دەرەکییەوە پەسەندکرابێت و ڕەزامەندی لەسەردرابێت. پرەنسیپێکی گشتی هەیە باس لەوە دەکات، کە پێویستە پرۆسەیەکی وردبینیی هەبێت لەپێناو ڕێگەدان بە جێبەجێکردنی ئەو ڕێوشوێنانەی مەترسییەکی ئەخلاقی لەخۆ دەگرن، بۆیە پێویستە دەسەڵاتێک هەبێت بتوانێت بە جۆرێک لێپرسینەوە لەمە بکات، کە لەمیانەی زنجیرەی سەرکردایەتیکردنەکەیدا هیچ جۆرە ئاڵۆزییەک دروستنەکات. بوونی بەڵگەی پێویست (یاخود بەڵگەی پێویستی ئەلکترۆنی) بۆ بڕیارە سەرەکییەکان بابەتێکی سەرەکی و متمانە دەداتە کارمەندان و سیاسییەکان و پرۆسەی لێکۆڵینەوە، هەروەها لەپێناو بەدیهێنانی جۆرێک لە دادپەروەری لە هەرحاڵەتێکدا کە گومانی ئەوەی

لێبکرێت دەسەڵاتەکان خراپ بەکارهێنراون. پێمانوایە دەبێت ئەم پرەنسیپە بەسەر هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و هەرپرۆسەیەکی هەواڵگریی دیکەدا جێبەجێبکرێت. ئەمە ئامرازێکی گرنگە کە دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە جۆرێک لە گونجاندن و لێپرسینەوە لە پراکتیکی زانستیدا بەدیبهێنرێت.

**پرەنسیپی پێنجەم:** دەبێت پەنابردن بۆ هەواڵگریی نهێنی دواپەنا و دواچارەسەر بێت، مادام دەشێت سەرچاوەی کراوەی زیاتر بەکاربهێنرێت. لەبەرئەوەی ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیارییە هەواڵگرییە نهێنییەکان لە ڕێگەی بەزاندنی سنووری داتا و زانیارییەکانەوە کۆمەڵە مەترسییەکی ئەخلاقیی زۆری لەخۆیدا هەڵگرتووە، پێویستە لەسەر ئەو کەسانەی ڕەزامەندیی لەسەر جێبەجێکردنی ئەم جۆرە پرۆسانە دەدەن، لەخۆیان و دەوروبەریان بپرسن کە ئایا دەکرێت لە ڕێگەی ئامرازێکی دیکەوە زانیاری بەدەستبهێنین، ئامرازێک کە لەنێوان سەرچاوە تەواوکراوەکان و ئەو زانیارییانەدا بێت، کە بە شێوەیەکی خۆبەخۆ و ئازادانە لەناو کۆمەڵگەدا پێشکەشدەکرێت. بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرەنسیپە گشتییە بەسەر هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا، پێویستە زیاتر ئەو ئامرازانە بەکاربهێنرێن، کە کەمترین ڕاددەی سنووربەزاندنیان تێدایە، نەوەک

ئەو ئامرازە نهێنییانەی بە شێوەیەکی بەرچاو سنووری داتا و زانیارییەکان دەبەزێنن. بەڵام ڕێچکە هەرە بەباشزانراوەکە بریتییە لە گەیشتن بە زانیارییە «پەسەندکراوەکان» لە ڕێگەی کۆمەڵگەی ئینتەرنێتەوە، وەک کۆکردنەوەی زانیارییەکان لەو سەرچاوە زۆروزەوەندانەی بە خواست یاخود بەبێ خواست لەسەر فەیسبووک یاخود «هاشتاگ» دەردەکەون. پێویستە پەنابردن بۆ کۆکردنەوەی هەواڵگرییە نهێنییەکان (لەو نێوەندەشدا لە ڕێگەی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە) تەنیا لەو حاڵەتانەدا بەکاربهێنرێت، کە زانیارییەکە گەلێک پێویستە بۆ دەرخستنی مەبەستی ئەنجامدانی کردەیەک یان پڕۆژەیەکی دیاریکراو، هەروەها بەو مەرجەی دڵنیایی هەبێت، کە ئەم زانیارییە لە ڕێگەی هیچ کام لە ئامرازەکانی دیکەوە بەدەستنایەت.

بە کۆی گشتی، ئەم پرەنسیپە پارێزگاری لە زنجیرەیەک پێکەوەبەستراوی یەکلاکەرەوە دەبەستێت؛ لەگەڵ زیادبوونی ئاستی سنووربەزاندنی هاوتا لەگەڵ پرۆسەی چاودێریکردندا، گرنگیی جێبەجێکردنی سێ مەرجی زیندووش زیاددەکات: دەستنیشانکردنی ئەو ئاژانسانەی دەتوانن جێبەجێی بکەن، پێویستە کێ ڕەزامەندی بە جێبەجێکردنی بدات، ئەو هۆکارانەی دەبنە پاساوێک بۆ جێبەجێکردنی چاودێری بە

شێوەیەکی شەرعی. ئەمە شتێکی گرنگە بۆ ڕاگرتنی بالآنسی نێوان ئەو سوودەی ڕەنگە لە کۆکردنەوە و بەکارهێنانی زانیارییەکانەوە بەدەستبێت، لەگەڵ زیانە چاوەڕوانکراوەکانیدا. لەگەڵ ئەوەشدا پێوانەکردنی سنووربەزێنی شتێکی ئاسان نییە؛ زۆرجار خەڵکی لە ڕێگەی ئامڕازە ئاشکراکانەوە کۆمەڵە شتێک بڵاودەکەنەوە، کە لە بنەڕەتدا پێیان وایە بابەتێکی تایبەتە بە ژیانی خۆیانەوە، کە هەندێک جار لێکەوتەی چاوەڕواننەکراو و درکپێنەکراوی لێدەکەوێتەوە. جیاوازییەکی گەورە هەیە لە قەبارەی ئەو سنووربەزێنییەی لە ئەنجامی پڕۆسەکانی گەیشتنی هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بە زانیارییەکان. بۆ نموونە، پڕۆسەی کۆکردنەوەی تویتە ئاشکرا و گشتییەکانی کەسێکی گومانلێکراو و شیکردنەوەیان، هاوشێوەیە لەگەڵ پڕۆسەی چاودێریی کەسێک لە شوێنێکی گشتیدا، بەڵام کۆکردنەوەی نامەکانی فەیسبووکی کەسێک و شیکردنەوەیان، تا ڕاددەیەکی زۆر هاوشێوەیە لەگەڵ خوێندنەوەی پۆستەی تایبەتی ئەو کەسە. هەتاوەکو ئێستا هیچ چوارچێوەیەکی کۆنسێپچواڵمان (مفاهیمي) نییە، کە هەستێت بە پێکهێنانی تایبەتمەندیی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە داهاتوودا و جۆری ئەو زیانانەی، بەهۆی بەزاندنی تایبەتمەندییەکانەوە دێنەئاراوە.

## چەند تێبینییەکی کۆتایی

ئەو شۆڕشەی لە بواری بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا لەسەر ئاستێکی فراوان هاتووەتەئاراوە، هەلێکی گەورەی پێشکەشکردووە. هەربۆیە پێویستە لەسەر هەواڵگریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ببێتە ئەندامێکی تەواوەتیی کۆمەڵگەی هەواڵگری و ئاژانسەکانی جێبەجێکردنی یاسا. لەناو ئەم پرۆسەیەشدا دوو مەرجی لێکدانەبڕاو هەیە، ئەوانیش: پێویستبوون و یاسایی بوونن.

بۆ دەستگرتن بە مەرجی پێویستبوونەوە، پێویستە گەشە بە سیستمێکی ئەکادیمیی جێبەجێکاریی نوێ بدرێت، کە ئەویش زانستی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانە. ئەمەش پێویستی بە بونیادنانی پەیوەندیی نوێ هەیە لەگەڵ جیهانی پیشەسازی و ناوەندە ئەکادیمییەکان، سەرمایەگوزارییە ڕێکخراو و ماوەدرێژەکان، لەپێناو دروستکردنی توانست لەسەر هەردوو ئاستی تەکنەلۆژی و مەنهەجی، هەروەها بۆئەوەی بتوانرێت بە شێوەیەکی دلێرانە ئەم کایە نوێیە بخرێتەڕوو. پێویستە ئەو پسپۆڕییانە یەکبخرێت،

کە توانایەکی باشیان هەیە بۆ تێگەیشتن لە ڕەفتاری مـرۆڤ و ڕاڤـەکـردنـی (زانـسـتـە کـۆمـەڵایـەتـی و ڕەفتاری و سیاسی و لێکۆڵینەوەی هەڵبژاردنەکان و ئەنترۆپۆلۆژیا و دەروونناسیی کۆمەڵایەتی)، لەگەڵ مەنهەجی داتا زەبەلاحەکان، کە پێویستە بۆ تێگەیشتن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. تاکە ڕێگە بۆئەوەی ڕاڤەی ڕەفتارەکانی مرۆڤ –هەروەها ئەو ڕاڤانەی سروشتێکی مرۆییان هەیە– پشت بە داتاکان ببەستێت، بریتییە لەم تێکەڵاوکردن و ئاوێتەکردنەی پسپۆڕییەکان.

بەڵام تەکنەلۆژیا و توانستەکان تەنها نیوەی وێنەکە پێکدێنن؛ لەپێناو دەستبەردارنەبوون لە مەرجی یاساییبوون، پێویستە جەماوەر لەسەر ئاستێکی بـەرفـراوان تێبگات و قبووڵیبکات کە: بۆچی، کەی، بەپێی چی ڕێوشوێنێک پرۆسەکانی هەواڵگریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان جێبەجێدەکرێت؟ پێویستە لەسەر هەرحوکومەتێک، کە مەبەستی ئـەوەبـێـت هـەواڵـگـریـی تـۆڕەکـۆمـەڵایـەتـیـیـەکـان ڕێبازێکی ڕاگەیەندراو پەیرەوبکرێت، کە لەسەر بنـەمـای ڕێـزگـرتـن لـە مـافـەکـانـی مـرۆڤ و ئەو پرەنسیپانەی پەیوەستن پێوەی، وەک لێپرسینەوە و ڕەچاوکردنی هاوسەنگی و پێویستبوون.

## دەربارەی نووسەرانی ئەم کتێبە

**سێر دەیڤد ئۆماند:** مامۆستای میوانە لە بەشی لێکۆڵینەوەکانی جەنگ لە (کینگز کۆلیژ-لەندەن). ساڵی ٢٠٠٢ کراوە بە ڕێکخەری گشتی ئاساییش و هەواڵگریی بەریتانیا، لێپرسراوی پێشکەشکردنی ڕاپۆرت بووە بۆ سەرۆکوەزیران دەربارەی دۆخی گشتی کایەی هەواڵگری و ستراتیژی نیشتیمانی بۆ نەهێشتنی تیرۆر و «ئاساییشی ناوخۆ». ماوەی ٧ ساڵ لە لیژنەی هەواڵگریی هاوبەشدا کاریکردووە. لە ساڵانی ١٩٩٧-٢٠٠٠ پۆستی سکرتێری هەمیشەیی وەزارەتی ناوخۆی وەرگرتووە. پیش ئەوەش وەک بەڕێوەبەری سەنتەری پەیوەندییە حوکومییەکان کاریکردووە. هەروەک چۆن بۆ ماوەی ٣ ساڵ وەک ڕاوێژکاری وەزارەتی بەرگریی بەریتانیا لە بارەگای پەیمانی باکووری ئەتڵانتیک «ناتۆ» لە برۆکسل کاریکردووە. خوێندنی لە ئەکادیمیای «گلاسکۆ» و کۆلیژی «کۆربس کریستی» لە زانکۆی کامبریج تەواوکردووە. ساڵی ٢٠١٠ کتێبێکی بە ناونیشانی ئاسایشی دەوڵەت بڵاوبووەتەوە.

**جیمی بارتلێت:** سەرۆکی پڕۆگرامی نەهێشتنی توندوتیژی و توندڕەوییە، بەڕێوەبەری سەنتەری

شیکردنەوەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانە لە سانتەری «دیمۆس».

**کارل میلەر:** هاوبەشە لە ناوەندی توێژینەوەی «دیمۆس»، توێژەرە لە سەنتەری نێودەوڵەتی بۆ شیکردنەوەی ئەمنی لە «کینگز کۆلیژ-لەندەن».

**پەراوێزەکان**

(setondnE)

1- بڕوانە لە: Her Majesty’s Inspectorate of the Constabulary (HMIC), The Rules of Engagement: A Review of the August 2011 Disorders (London: crown copyright 2011), especially pp. 36-9.

2- Ibid. p. 31.

3- Ibid. p. 30.

4- Ibid.

5- بڕوانە لە:

‘Facebook crimes probed by Humberside police’, Hull Daily Mail, 24 August 2011, www.thisishullandeastriding.co.uk/facebook-crimes-probed-humberside-police/story-13191231-detail/story.html (accessed 17 April 2012).

هەروەها بڕوانە لە:

Westminster City Councils ‘Your Choice’ programme: choose life, Not Gangs: Problem Kids Told to Clean Up or Face the Consequence (City of Westminster, 29 September 2011).

6- بڕوانە لە:

Ministry of defence and center for defance Enterprise, Cyber and Influence Scince and Technology centre, CDE Call for Research proposals, 1 november 2011.

7 - The value of friendship, Economist, 4 february 2012.

8- Twitterblog, 200 million Tweets a day, 30june 2011.
9- YouTube, statistics.
10- A. signorini, A.M. segre and P.M polgreen, The Use of Twitter to Track levels of Disease Activity and public concern in US during the influenza A H1N1 Pandemic, PLos ONE 6/5 (2011) pp. 1-10.
11- J. Hoffman, Trying to find a Cry of desperation Amid the facebook drama, NEW YOR times, 23 february 2012. T.J Lane Facebook photos: suspect Faces charges in chardon High School Shooting (slideshow), Huffington post, 28 february 2012.
12- UN global pulse Programme, UN Unveils Initial Findings on Uses of Real-time data for Development work (UN News center, 8 december 2011).
13- Criminial Justice Degrees Guide, 20 infamous crimes Committed and Solved on facebook.
14- Diego Laje, #pirate? Tracking modern buccaneers Through Twitter, CNN, 15 march 2012.
15- Jack Doyle, A Facebook crime every 40 minutes, daily mail, 4 june 2012.
16- T.O. Sprenger and I.M. Welpe, Tweets and Trades: The information content of stock microblogs, 1 november 2010.

17- Twitter was used by pupils as an ad hoe emergency broadcasting system during the Ohio school shooting, media Bistro, 28 february 2012.
18- HMIC, The Rules of Engagment, p. 31.
19- Howe, The rise of crowdsocuringm wired, june 2006.
20- Reading the Riots: inverstigating England's summer of Disprder' [interactive], Guardian.
21- Cabinet Office, A strong Britain in an age of Uncertinaty: The national security strategy (London: HMSO 2010) p. 5.
22- R. protector, F. Vis and A. voss, 'Riot Rumours: How Misinformation Spread on twitter during a Time of crises, Guardian. 7 december 2011.
23- J. Leskovic, J. Kleinberg and C.faloutsos, Graph Evolution: Densification and shrinking diameters, ACM Transaction on knowledge Discovery from data 1/1/2007. J. Leskovec and C. Faloutsosm sampling from large graphs in T. Ellassi-rad Chair, Proceedings of the 12th ACM SIGKDD international conference on Knowledege Discovery and data mining, 2006 (Philadelphia: kdd 2006).
24- B. O' Connor, R. Balasubramanyan, B.R. Routledge and N.A smith, from Tweets to Polls: limking text sentiment to public Opinion Time

Series, Proceedings of the AAAI conference on weblogs and social media (Washington, DC: AIII press 2010).
25- Infographic: Facebook vs. Twitter demographics, digital Buzz blog, 21 december 2010.
26- C. Shirky, here comes everybody: The Power of Organizing Without Organizations (New York: penguin 2008).
27- Twitter Statistics for 2010, Sysomos, December 2010.
28- J. Weng, Y. Yao, E Leonardi and F. Lee, Event Detection in Twitter, HP laboratories, 6 July 2011.
29- Suler, The online Disinhibition Effect, Journal of Cyberpsychology and Behaviour.
30- J. Bartlett and M. Littler, inside the EDL (London: demos 2011).
31- Twitterology High and Low, the economist, 31 october 2011.
32- Robin Hood Airport Tweet Bomb jhoke man Wins Case.
33- Jack of Kent (David allen green), paul chambers: A Disgraceful and Illiberal Judgment, 11 May 2010.
34- A. Parker, Us Bars Friends over Twitter Joke.
35- Intelligence Advenced Reaserch Project Agency Announcement: Reynard program.
36- بۆ نموونە لە ناوچە بێبەشکراوەکانی بەرلین، بەکارهێنانی ئامێری مۆبایل لەلایەن کارمەندە حکومییەکانەوە ڕووی لە

زیادبوون کردووە، ئەو ئامێرانەی پەیوەستن بە تۆماری داتاکانەوە لە کاتی سەردانی خەڵوەتگەی پیران و نەخۆشخانەکان.

37- Brifing on the Interception Modernisation Programme, policy Engagement Network paper.
38- Shoping amid a Massacre: leaked E-,ails from syria's Regime.
39- Information Commissioner's Office, Information Commissioner's Report to Parliament on the state of surveillance.
40- S. Sengupta Zuckerberg's Unspoken Law.
41- Twitter, Privacy Policy.
42- B. Johanson, Privacy no longer a Social norm, says facebook founder.
43- Attitudes on data Protection and Electronic identity in the European Union: special Eurobarometer.
44- D. Boyd and E. Hargittai.

45- European Commission, Data Protection in the European Union: Citizens Preceptons.
46- P. Bradwell, Private lives: A people's Inquiry into personal information.
47- M. Hick, Hague Covernments Must Not Censor internet.
48- J.P. Barlow, A declaration of the independence of Cyberspace.
49- D. omand, Securing the state (London: hurst & co 2010).

# بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆڕش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان ڕەئوف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولڕەحمان | | 214 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك ڕۆسۆ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤید هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە ڕەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزووتنەوەی فێمێنیزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سیکۆلاریزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمان ڕەئوف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرماس | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە دریدا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجید خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماوتسی تۆنگ | فازڵ حسێن مەلا ڕەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانێ | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لەقەندیلەوە بۆ کوبانێ | ئەنوەر حسێن - شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پڕۆیسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | ڕێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیاو پەکەکە | ماجد خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان، ئەو رووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی سێیەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی چوارەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی پێنجەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی شەشەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی حەوتەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی هەشتەم | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لەسەر حەق بوو | تێری ئیگڵتۆن | پێشرەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفوری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی - بەرگی یەکەم | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی - بەرگی دووەم | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ - بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ - بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ - بەرگی سێیەم | مستەفا زاهیدی | | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە تۆماس ئەکیونی | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل - بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل - بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل - بەرگی سێیەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاكان | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو | د.عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی - جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حرکة الحداثة فی الشعر الكردی | د.سەروەر عەبدوڵڵا | | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشیاکان | ئەنوەر حسێن | | 2016 |
| 83 | ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 84 | ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 85 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2016 |
| 86 | ئاشنابوون بە پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 87 | ئاشنابوون بە دۆرکهایم | ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال | | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 2016 | ئارام مەحمود | ئاشنابوون بە دریدا | 88 |
| 2016 | ماجید خەلیل | ئاشنابوون بە لیوتار | 89 |
| 2016 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە لینین – بەرگی یەکەم | 90 |
| 2016 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە لینین – بەرگی دووەم | 91 |
| 2016 | پێشرەو محەمەد | ئاشنابوون بە ترۆتسکی | 92 |
| 2016 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | 93 |
| 2016 | ب. لیڤا | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم – بەرگی یەکەم | 94 |
| 2016 | ب. لیڤا | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم – بەرگی دووەم | 95 |
| 2016 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە ئەفلاتون | 96 |
| 2016 | ئاکام بەسیم | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | 97 |
| 2016 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | 98 |
| 2016 | شاسوار کەمال | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | 99 |
| 2016 | ئەرسەلان حەسەن | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم – بەرگی یەکەم | 100 |
| 2016 | ئەرسەلان حەسەن | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم – بەرگی دووەم | 101 |
| 2016 | موصلح شێخ شیسلامی | ئاشنابوون بە مانفێستی حزبی کۆمۆنیست | 102 |
| 2016 | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | سێگۆشەی گرگرتوو | 103 |
| 2016 | هەڵگورد جەلال | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگی عێراق - کوەیت | 104 |
| 2016 | سۆران عەلی | گەشتی دوورو درێژی ئەتۆمی ئێران تێچوون و مەترسییەکانی | 105 |
| 2016 | هەڵگورد جەلال | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا، خۆرئاوای ئەفریقیاو سۆماڵ | 106 |
| 2016 | سۆران عەلی | خەبات لەپێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | 107 |
| 2016 | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | 108 |
| 2016 | ئەرسەلان حەسەن | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکاو ئاکامە جیۆپۆلۆتیکەکانی | 109 |
| 2016 | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | 110 |
| 2016 | رێباز مستەفا | تیرۆر، تیرۆریزم و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی | 111 |
| 2016 | بابان ئەنوەر | چین و سیستەمی بازرگانی جیهانی | 112 |
| 2016 | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | ئومێدی خۆرهەتاوی من | 113 |
| 2016 | ئەرسەلان حەسەن | ئازادی و خیانەت لە ئازادی | 114 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 115 | فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی ڕەوتە ئیسلامییەکان | فوئاد مەجید میسری | 2016 |
| 116 | کورد و ئیسلام لە یەکتربڕدا | نەوزاد جەمال | 2016 |
| 117 | کارل مارکس و لیۆن ترۆتسکی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 118 | مارکسیزم لە هەزارەی سێیەمدا | بژار سەردار - ئازاد ئارمان | 2016 |
| 119 | چوار سندوق | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 120 | گفتوگۆ | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 121 | سەڵتەکان | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 122 | چیرۆکی ورچەکانی پاندا | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 123 | وردە تاوانەکانی ژیانی هاوسەرێتی | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 124 | کورد و مێژووی جەژنی نەورۆز | د.کەیوان ئازاد ئەنوەر | 2016 |
| 125 | ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم | ساراڵ فەهمی شەریف - هێمن تاهیر | 2016 |
| 126 | چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر؟ | سۆران سێوکانی | 2016 |
| 127 | ئومێد بە زیندووی بهێڵەرەوە | یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر | 2016 |
| 128 | باوەڕدارە تیرۆریستەکە | سۆران عەلی | 2016 |
| 129 | پێغەمبەرو پرۆلیتاریا | پێشڕەو محەمەد - هێرۆ خوسرەوی | 2016 |
| 130 | مارکسیزم چۆن کاردەکات | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 131 | ئامانجی فەلسەفە | شاسوار کەمال | 2016 |
| 132 | پرسی ژن | عادل عەلی | 2016 |
| 133 | چەپی نوێ | د.ئەکرم میهرداد | 2016 |
| 134 | نامیلکەی لێبوردەیی | فەرشید شەریفی | 2016 |
| 135 | یاداشتەکانی جەنگ | ستران عەبدوڵڵا | 2016 |
| 136 | ژنێك لە نێو سەردەستەی میلیشیاکاندا | دڵشاد محەمەد - هێمن تاهیر | 2016 |
| 137 | مارکس و ڕەخنەی سیاسەت | هاوار محەمەد | 2016 |
| 138 | لە بڵاوکردنەوەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان | یوسف محەمەد بەرزنجی | 2016 |
| 139 | فەلسەفە لە ئێستادا | دانا شوانی | 2016 |
| 140 | تیۆری زانینی زانستیانە | د.حەمید عەزیز | 2016 |
| 141 | مارکس و ئازادی | دانا شوانی | 2016 |
| 142 | شرۆڤەی ئەفسانەی سیزیف | ئیسماعیل ئیسماعیل زادە | 2016 |
| 143 | سەلەفییەت لە کوردستانی ئێران | ماجد خەلیل | 2016 |
| 144 | هەژموونی نەوت | سۆران عەلی | 2016 |
| 145 | دەوڵەت | سمکۆ محەمەد | 2016 |
| 146 | مێژوی ئابوری جیهان | محەمەد چیا | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 147 | لە تۆڵەیتۆڵەوە بۆ ناوزەنگ | خەڵەف غەفور | 2016 |
| 148 | پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە تورکیا | محەمەد فاتح | 2016 |
| 149 | دەقی شیعری کوردی لە روانگەی سیمیۆلۆژییەوە | د.لوقمان رەئوف | 2016 |
| 150 | تیۆری چوارەمی سیاسەت | وریا غەفوری | 2017 |
| 151 | هونەری شێوەکاری نوێ | رامیار مەحمود | 2017 |
| 152 | جیهانگیری لە روانگەی جیاوازەوە | حەسەن بارام | 2017 |
| 153 | پاکستان و گۆڕانیەکانی ناوخۆو دەرەوە | بابان ئەنوەر | 2017 |
| 154 | پەیوەندی ئێران و هندستان | ماجید خەلیل | 2017 |
| 155 | چین و ئێران | محەمەد چیا | 2017 |
| 156 | ژنان لە بەهاری عەرەبیدا | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 157 | سیستمی نێودەوڵەتی هێز یان دادپەروەری | ئارام مەحمود ئەحمەد | 2017 |
| 158 | رکابەری ئەمەریکاو ئێران لە ئەمەریکای لاتین و ئەفەریقیا | کۆشان عەلی زەمانی | 2017 |
| 159 | کاریگەرییەکانی دابەزینی نرخی نەوت | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2017 |
| 160 | پێگەی ئێران لە خۆرهەڵات ناوەڕاستدا | بەختیار ئەحمەد ساڵح | 2017 |
| 161 | مۆریتانیا وڵاتێکی درەوشاوەی کەنارو بیابان | شاناز هیرانی | 2017 |
| 162 | هەرێمی کوردستان و ململانێ ناوچەییەکان | ئەنوەر حسێن (بازگر) | 2017 |
| 163 | فەلسەفەی هانا ئارێنت | ئارام مەحمود | 2017 |
| 164 | نەوت بەرامبەر زەوی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2017 |
| 165 | پوختەی سەرمایەی مارکس | بابان ئەنوەر | 2017 |
| 166 | چوارینەی دیموکراسی | رەنجەی نابینا | 2017 |
| 167 | نفوذ الهلال الشیعی فی الشرق الاوسط | عەلی محەمەد صالح | 2017 |
| 168 | هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتی نەرمی قەتەر | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 169 | سۆفیزم لە ئاسیای ناوەڕاستدا | عەبدوڵلا مەلا ئەحمەد | 2017 |
| 170 | لە ئیسلامی قورئانەوە بۆ ئیسلامی فەرمووده | سۆران سێوکانی | 2017 |
| 171 | مێژووی درۆ | هاوار محەمەد | 2017 |
| 172 | پرسی کورد | ماجید خەلیل | 2017 |
| 173 | پۆست کۆمۆنیزم | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 174 | پرۆگرامە ئەتۆمییەکان | جەواد حەیدەری | 2017 |
| 175 | پەیوەندی روسیا و ئەمەریکا | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 176 | دەربارەی میواندۆستی | هاوار محەمەد | 2017 |
| 177 | بەرەو ئاشتی هەمیشەیی | ڕێبین رەسوڵ | 2017 |
| 178 | رۆشنگەری چییە؟ | ڕێبین رەسوڵ | 2017 |
| 179 | چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی و رۆژنامەوانی | یوسف ئەحمەد مەنتك | 2017 |
| 180 | سەرەتایەك لەسەر ئاسایشی سروشتی | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 181 | مێژووی پەیەدە | ماجید خەلیل | 2017 |
| 182 | کتێبی سور - چاپی سێیەم | فازڵ حسێن مەلا رەحیم | 2017 |
| 183 | مەحرەمی راز شەرحی غەزلیاتی حافز | ئەکرەم عەنەبی | 2017 |
| 184 | مارکس کێ بوو؟ چاپی دووەم | مەجید مارابی - جەواد حەیدەری | 2017 |
| 185 | ئالان بادیۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 186 | رولان بارت | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 187 | جۆرج باتای | هاوار محەمەد | 2017 |
| 188 | چۆمسکی | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 189 | جۆن دیۆی | د. لوقمان رەئوف - ئارام محمود | 2017 |
| 190 | رۆدۆلف کارناب | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 191 | کۆنفۆشیۆس | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 192 | جولیا کریستیڤا | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 193 | لیڤی شتراوس | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 194 | مارتین بوبەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 195 | ماوتسی تۆنگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 196 | مۆنتیسکۆ | سیار خورماڵی | 2017 |
| 197 | پیەر بۆردیۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 198 | سپێنوزا | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 199 | ویتگنشتاین | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 200 | والتەر بنیامین | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 201 | فرانسیس فۆکۆیاما | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 202 | مارتن لۆسەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 203 | سان سیمۆن | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 204 | دێڤد هارڤی | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 205 | جەنگی سارد | شاناز رەمزی هیرانی | 2017 |
| 206 | سیخوڕی و دژە سیخوڕی | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 207 | بیرەوەریی هەواڵگری | کارناس جوبرائیل | 2017 |

IDEA FOUNDATION

دەزگای ئایدیا

بۆ فکرو لێکۆڵینەوە